# بارزانی بۆ پێویسته؟

**بۆ ئەوەی سازانی نیشتمانی سەرکەوتوو و گشتگیر بێت، پێویستی بە هەندێ پێش مەرج هەیە، لەوانە: بەرژەوەندی و ئامانجە باڵاکان چوارچێوەی رێککەوتنەکە بن. بارودۆخی هەرێمی کوردستان و هەڕەشە و دەرفەتەکان لەبەر چاو بگیرێن. لایەنەکان لەگەڵ یەك راستگۆ بن و پابەند بن بە رێککەوتنەکە. سازانی نیشتمانی نەبێتە وەلاتانی سیاسیی هیچ لایەنێکی سیاسی کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نامتمانەیی سیاسی لە نێوان لایەنەکان و گەڕان بە دوای پیلان لە دژی یەکتری و لە ئەنجامیشدا لاوازکردنی یەکریزی و تەبایی.**



نەزهەت حالی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خوێندنەوەی ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە دەمارگیری و ناکۆکیی سیاسیمان بۆ ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی، تەنها بە لەبەرچاو گرتنی ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکان، نەخشە رێگەیەکی لەبار و گونجاومان بۆ دەخوڵقێنێ کە تیایدا زەمینەی گەلسالاری (دیموکراسییەت) لە کوردستان بەهێز دەکات. ئەوەش دەربازبوون لەو دۆخە ناهەموارەی ئابڵوقەی ئابووری عێراق و کێشەی بودجە و لە سەرووی هەموویانەوە سەرکەوتنمان لە جەنگی دژ بە دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستی کە دڕندەترین رێکخراوی تیرۆریستییە مسۆگەر دەکات و لە گەیشتن بە ئامانجی باڵا کە سەربەخۆییە نزیکترمان دەکاتەوە.

**■ خوێندنەوەیەك بۆ ژینگەی نێوخۆیی**

بە درێژایی مێژوو لەوەتەی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد سەریان هەڵداوە، مەزنترین کێشەی بەردەمیان بوونی درز و کەلێن بووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، کە هەمیشە دوژمنانی کورد بە پلان و بەرنامە کاریان لەسەر کردووە و بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەرگرتووە. دژایەتیکردنی یەکتر، قبووڵنەکردنی بیروبۆچوونی یەکتر، تەنانەت گەر باشترین بژاردەش بوو بێت، هەوڵدان

بۆ شکاندنی یەکتری تا دەگاتە یەخەگرتنی یەکتر، ئەوە ئەو پەتایەیە کە پێی دەگوترێت «دەردە کورد»! بە پێشکەوتنی بزاڤی رزگاریخوازی کورد و کۆمەڵگە ئەو دەردە نەك هەر لە رەگ و ریشە چارەسەر نەکرا، بەڵکو شێوەی تریشی بەخۆوە بینی.

گەلی کوردستانی باشوور بە خوێنی شەهیدانی و زەحمەت و ماندووبوونی رۆڵەکانی ئەم هەرێمەی گەیاندۆتە ئەو رۆژە و بۆ بەرگری و پاراستنیشی بەردەوامە لە قوربانیدان. هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی، بەتایبەت هێزە سەرەکییەکانی کە پارتی و یەکێتی بوون، توانیویانە مێژوو و دەستکەوتێکی گرنگ لە کوردستانی باشوور دروست بکەن، کە ئەویش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە ئەو بڕیارە لەو کاتدا بڕیارێکی بوێرانە بوو. دەستوەردانی وڵاتان لەو کات زۆر زیاتر بوو لەو سەردەمەی ئێستا کە کورد هەم خاوەنی ئەزموونی زیاتری بەڕێوەبردنی وڵاتە، هەم لە بواری دیپلۆماسی و سیاسەتی نێودەوڵەتی چالاکترە، هەم لە جەنگی دژ بە تیرۆرستان پێشمەرگە و دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان سەلماندیان کە کارامەن و بە پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێشڕەوییەکانی داعشیان تێکشکاند.

یەکێك لە رەگەزەکانی هێزی وڵاتێك تەبایی و یەکڕیزی نێوخۆیی وڵاتەکەیانە، بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستان کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینە. بەداخەوە ژینگەی سیاسی نێوخۆی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ململانێی توندی لایەنە سیاسییەکان، بە لەبەرچاونەگرتنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان کە وڵاتێکی سەربەخۆ نییە و لە رووی جوگرافیشەوە سنووری فراوانتر بووە و بەبێ بوونی سەرچاوە و تواناکان چاوەڕوانی ئەدای وڵاتێکی سەربەخۆی لێ دەکرێت، هەر لایەنێك تەنیا بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەستی هاووڵاتییان دروست بکات بۆ کاتی دەنگدان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی دەرئەنجامە نەرێنییەکان لە داهاتوو کە پارچە پارچە بوونی نێوخۆیی لێدەکەوێتەوە، بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەبنە هۆکاری لێکترازان، ئەمەش بە رێگای راگەیاندن و سۆشیال میدیا کە لە راستیدا دەبوایە هاوکار بن بۆ پتەوکردنی یەکڕیزی و کۆکردنەوەی جەماوەری هەموو لایەنەکان لە چوارچێوەی ئامانجی باڵا کە سەربەخۆیی کوردستانە. راگەیاندن لە بری ئەوەی ئامرازی گەیاندنی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان و دروستکردنی گیانی بەرگری بێت، زیاتر بۆتە ئامرازی پڕوپاگەندەی دژ بە یەکتری. هەموو پارتە سیاسییەکان و تەنانەت زۆرێك لە کۆمپانیا ئەهلییەکان خاوەن دامەزراوەی میدیایی خۆیانن، هەر کەس و لایەنێکیش وەکو پێویست رەچاوی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ناکەن. جێگای داخە تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی راگەیاندنی فەرمی خۆی نییە لە بینراو و بیستراو کە پەیامی حکومەت بگەیەنێتە هاووڵاتییان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان.

لایەنە سیاسییەکان لەوەی زیاتر بە رێگای گفتوگۆ پلانی هاوبەش دابنێن بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا، بە رێگای راگەیاندن و بە شێوەیەکی نەرێنی یەکتر دەدوێنن.

لەدوای پێکهێنانی حکومەتی هاوبەش و بەشداریی ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵات ئەوەی تێبینی دەکرێت، نەتوانراوە وەکو پێویست لە کرداردا هەموو گرفتەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت. ئابڵوقەی ئابووری عێراق و کێشە داراییەکان گەرچی گوشاری لەسەر حکومەت و هاووڵاتییان دروست کردووە و بەشێکە لە سیاسەتی خراپی حکومەتی فیدراڵی عێراق و وەکو کارتێکی گوشار بۆ سەر هەرێم بەکار دەهێندرێت، دەبوایە خاڵێك بێت بۆ لە یەکتر نزیککردنەوەی زیاتری لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، هەروەها وەکو پێویست لەلایەن ئەو لایەنانەوە سوودی لێ وەرنەگیراوە بەرانبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ نیشاندانی رەوایی داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان بە بەراورد لەوەی کە لایەنێکی پێ تاوانبار بکرێت لە شێوازی حوکمڕانیی کوردستاندا. گەلی کوردستان توانی بەرگەی ئەو ئابڵوقە ئابوورییەی عێراق بگرێت کە ساڵێك زیاترە بەسەر ئێمەیدا سەپاندووە، سەرەڕای گوشاری زۆری بۆ سەر هاووڵاتییانی کەم دەرامەت. لێشاوی بە کۆمەڵی هاتنی ئاوارە و کۆچبەرەکانیش بارێکی قورسی بۆ سەر حکومەت و هاووڵاتییانی هەرێم دروست کردووە.

کێشەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیش یەکێکە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی کوردستان، کە پێموایە لە داهاتوودا لە مەترسی تیرۆر کەمتر نییە، بەڵکو هۆکارێك دەبێت بۆ گەشەسەندنی تیرۆر و تاوانی تر. گەر شەڕی تیرۆر دەرفەتی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ رەخساندین، بە پێچەوانەوە گەندەڵی دەبێتە هۆکاری دەستوەردانی وڵاتان بە تایبەت نەیاران، ئەو دیاردە مەترسیدارە پێویستی بە رووبەڕووبوونەوە هەیە بە پلانی ستراتیژی و کاریگەرکردنی دامەزراوە فەرمییەکان.

تاکو ئێستا سایەی دوو ئیدارەیی باڵی بەسەر هەرێمی

**کێشەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیش یەکێکە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی کوردستان، کە پێموایە لە داهاتوودا لە مەترسی تیرۆر کەمتر نییە، بەڵکو هۆکارێک دەبێت بۆ گەشەسەندنی تیرۆر و تاوانی تر**

**یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی گەلی کوردستانی باشوور رۆڵی کاک مسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی بوو کە هەردووکیان لە دوای رووخانی رژێمی بەعس بە لێک تێگەیشتن و هەنگاوی تەواوکەری یەکتر وەکو مەرجەعی سیاسی گەلی کوردستانی باشوور رۆڵیان گێڕا. دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال قورسایی بەرپرسیارێتییەکە بە گشتی کەوتە سەر شانی بارزانی**

**دوای هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر هەرێم و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی، کوردستانی باشوور زیاتر سەلماندی کە شایەنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، تیرۆریستان بە کردەیی عێراقیان لەبەر یەک هەڵوەشاندۆتەوە و سنووری دەستکردی پەیماننامەی سایکس بیکۆیان لەناوبرد.**

کوردســـتاندا کێشـــاوە، ئەمەش واقیعێکی تاڵە، بەڵام ســـەرەڕای ئـــەوە، لـــە رووی ســـەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییـــەوە هێزەکانی هەرێـــم توانییان بە هاوکاری و پاڵپشـــتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئیرادەی گەلی کوردســـتان بەسەر تیرۆریســـتانی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستی ســـەربکەون، کە ئەمەش خاڵێکی بەهێزی هەرێمی کوردستانە.

■ **بوونی مەرجەعی سیاسی**

یەکێك لە خاڵە هـــەرە بەهێزەکانی ژینگەی ناوخۆیی بوونی مەرجەعی سیاســـییە، بە ئەزموون سەلمێندراوە کە مەرجەعی سیاســـی چ رۆڵێکی کارا دەگێڕێت لە پێشـــکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیانەی کـــە بە بارودۆخی سیاسیی ناگونجاودا تێدەپەڕن. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی گەلی کوردستانی باشوور رۆڵی کاك مسعود بارزانی و مـــام جەلال تاڵەبانی بوو کـــە هەردووکیان لە دوای رووخانی رژێمی بەعس بە لێك تێگەیشتن و هەنگاوی تەواوکـــەری یەکتر وەکو مەرجەعی سیاســـی گەلی کوردستانی باشوور رۆڵیان گێڕا. دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال قورسایی بەرپرسیارێتییەکە بە گشتی کەوتە سەر شانی بارزانی.

بوونی ئەو مەرجەعە سیاســـییە فاکتەرێکی بەهێز بوو بۆ پێشکەوتنی گەلی کوردستان لە هەموو روویەکەوە، تەنانـــەت وەك هەرێمێکـــی نـــاو دەوڵەتـــی عێراقی فیـــدراڵ بەشـــێکی گرنگی ئەو پێشـــکەوتنەمان بۆ ئەو مەرجەعە دەگەڕێتـــەوە. ئەگەر بەراوردی خۆمان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراق بکەین زیاتر لە رۆڵی مەرجەعی سیاســـی تێدەگەین. شـــیعەکان هەرچەندە خـــاوەن مەرجەعی ئایینین و تا رادەیەك توانیویانە ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە، بەڵام نەبوونی مەرجەعی سیاســـی کاریگەری هەبـــووە لەوەی کە نەتوانن سیاســـەتێکی دروســـتی پێکەوەژیان لەگەڵ پێکهاتەکانی تر دابڕێژن و لـــە داواکاری رەوای پێکهاتەکانـــی تـــر تێبگەن و بەڕێوەبردنێکی باشـــی ئەو وڵاتە بکەن. سوننەکان لە نەبوونی مەرجەعی سیاسی پەرتەوازە بوون، نەیانتوانی رۆڵی سیاســـی خۆیان بە باشـــی بگێڕن، ئاسایش و ســـەقامگیری بۆ خەڵکی ناوچەکەیان دابین بکەن، لە رووی ئاوەدانییەوە نەیانتوانی پارێزگا سوننەنشـــینەکان بەرەو پێشـــەوە ببەن، تـــا وای لێهات داعش خەلافەتی تیرۆریســـتی لـــەو ناوچانە رابگەیەنێـــت، تەنانەت لە ســـەرەتادا بیروبۆچوونی خەڵکی ئـــەو ناوچانە وابوو کە تیرۆریســـتان باشـــترین جێگرەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی فیدراڵ بن.

لە بەراوردکردنی دۆزی کورد لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەدا، بوونی مەرجەعێکی سیاســـی لە کوردستانی باشـــوور فاکتەرێکی بەهێز بووە بۆ پێشکەوتنی دۆزی کورد لە باشـــوور بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی تری کوردســـتان و تەنانەت هاوکاریش بووە بۆ پێشڤەچوونی دۆزی کورد لەو پارچانە.

■ **ژینگەی دەرەوە**

لە دوای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ و دەستبەسەرداگرتنی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەسەر رووبەرێکی فراوانی عێراق و سووریا و پاشان راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستی، دەرفەتی زێڕین بۆ کوردستانی باشوور بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هاتە ئاراوە کە کوردســـتان بڕیاری سەربەخۆیی بدات. خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە لەو کاتدا لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی ســـەربەخۆ بووم، دوای هێرشـــی تیرۆریستان بۆ ســـەر هەرێم و بەرگری قارەمانانەی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی، کوردستانی باشـــوور زیاتر سەلماندی کە شایەنی دەوڵەتی ســـەربەخۆیە، تیرۆریستان بە کردەیی عێراقیـــان لەبەر یەك هەڵوەشـــاندۆتەوە و ســـنووری دەستکردی پەیماننامەی سایکس بیکۆیان لەناوبرد.

دیپلۆماســـیەتی ســـەرکەوتووانەی هەرێمی کوردستان بە ســـەرۆکایەتی بارزانی پشتگیری زۆری بۆ گەلی کوردستان لە ئاســـتی نێودەوڵەتی هێناوەتە ئاراوە، ئەو لێبووردەیـــی و پێکەوەژیانەی کە لە کوردســـتان هەیە لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی وێنەیەکی جوانی بەخشیوەتە کوردستان لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

دۆخـــی خراپـــی عێراق و ســـووریا کـــە هۆکارەکەی چارەسەرنەکردنی کێشـــە نێوخۆییەکان بووە لە رابردوو، هیچ کەس ناتوانێت گەلی کورد تاوانبار بکات، بەتایبەت لە عێراقـــدا کە گەلی کورد هەموو سیســـتەمەکانی پاشـــایەتی و کۆماری، دیکتاتۆریەت و دیموکراسی، یەك دەوڵەت و ئۆتۆنۆمـــی و فیدراڵی تاقی کردەوە، بەڵام کێشـــەکان هەر چارەسەر نەکران و دۆخەکان هەر ئاڵۆزتر دەبن و ئەمەش مەشرووعییەت و رەوایی دەداتە داواکاری کورد بۆ سەربەخۆیی.

■ **سازانی نیشتمانی**

رۆژانە وشـــە و چەمکی نوێ دادەهێندرێن و دەخرێنە نێو فەرهەنگی زمانەوانی نەتەوەکان. سازان وشەیەکی جوانی کوردییە و دوو ســـاڵ دەبێت گرێدراوە بە وشەی نیشتمان و چەمکی سازانی نیشتمانی لێ دروست بووە، بەڵام ئەگەر ئەو چەمکە لە چوارچێوەی پاراســـتنی بەرژەوەندییـــە نیشـــتمانییەکان و ئامانجە باڵاکان رێك نەخرێت، هەر پارت و لایەنێکی سیاســـی خوێندنەوەی

■

**خوێندنەوەی ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە دەمارگیری و ناکۆکیی سیاسیمان بۆ ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی، تەنها بە لەبەرچاو گرتنی ئامانج و بەرژەوەندییە باڵاکان، نەخشە رێگەیەکی لەبار و گونجاومان بۆ دەخوڵقێنێ کە تیایدا زەمینەی گەلسالاری (دیموکراسییەت) لە کوردستان بەهێز دەکات**

■

**بە درێژایی مێژوو لەوەتەی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی کورد سەریان هەڵداوە، مەزنترین کێشەی بەردەمیان بوونی درز و کەلێن بووە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، کە هەمیشە دوژمنانی کورد بە پلان و بەرنامە کاریان لەسەر کردووە و بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەرگرتووە**

■

**پێشمەرگە و دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان سەلماندیان کە کارامەن و بە پاڵپشتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پێشڕەوییەکانی داعشیان تێکشکاند**

تایبەتـــی خۆی بۆی هەبێت و بـــۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی بـــەکاری بهێنێت، بنەماکانـــی ئەو چەمکەی لەســـەر جێبەجێ نابێت و ئەو کاتە دەتوانین ناوی لێ بنێین سازانی حزبی، نەك نیشتمانی.

سازان واتە ڕێککەوتنی دوو لایەن، یان زیاتر کە لەسەر شتێك، یان بابەتێك ناكۆکن و بەرژەوەندی هاوبەشیان وا دەخوازێت کە لە سەری ڕێك بکەون.

ســـازان هەمان ڕێککەوتنە کە پێشتریش بەر لە ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی لەسەر پێکهات، دەستبەرداری پارتی لە ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی سالی ١٩٩٢ و پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم سازانی نیشتمانی بوو. ڕێککەوتنی ســـتراتیژی نێـــوان پارتی و یەکێتی ســـازان بوو، بەشـــداری پێکردنی هەموو لایەنەکان لە پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و خولی ئێستای پەرلەمان و دابەشـــکردنی پۆســـتەکانی کورد لە بەغدا لەسەر بنەمای ســـازان بووە، تەنانەت نەخســـتنە ریفراندۆمی دەســـتووریش کە هەرچەنـــدە بە نایاســـایی بوو، بووە پێشینەیەکی خراپی سیاسی و یاسایی، لەسەر بنەمای سازان بوو.

پێموایە بۆ ئەوەی ســـازانی نیشـــتمانی سەرکەوتوو و گشـــتگیر بێت، پێویستی بە هەندێ پێش مەرج هەیە، لەوانـــە: بەرژەوەندی و ئامانجە بـــاڵاکان چوارچێوەی ڕێککەوتنەکـــە بن. بارودۆخی هەرێمی کوردســـتان و هەڕەشـــە و دەرفەتەکان لەبەر چاو بگیرێن. لایەنەکان لەگەڵ یەك ڕاستگۆ بن و پابەند بن بە ڕێککەوتنەکە. ســـازانی نیشـــتمانی نەبێتە وەلانانی سیاســـیی هیچ لایەنێکی سیاسی کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی نامتمانەیی سیاسی لە نێوان لایەنەکان و گەڕان بە دوای پیلان لە دژی یەکتری و لە ئەنجامیشـــدا لاوازکردنی یەکڕیزی و تەبایی.

بۆیە حیکمەت لە سازان سفرکردنەوەی کێشەکانە، نەوەك قووڵکردنەوەی و ســـفرکردنەوەی دەستکەوتەکان. گەر بەرژەوەندی و ئامانجە باڵاکان چوارچێوەی ئەو سازانە بن، هەموو لایەك خۆ بە براوە دەزانێت، نەك دۆڕاو.

## ■ بارزانی بۆ پێویستە

بارزانی جگە لەوەی مەرجەعێکی سیاسییە و مێژوو و شەرعییەتێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، لە هەمان کاتدا وەکو سەرۆکی هەرێم شەرعییەتی یاسایی و دەستووری هەیە کـــە ئەمە هێزێکی تری داوەتـــە ڕۆڵی بارزانی بۆ بەرەو پێشـــڤەبردنی دۆزی گەلی کوردستان. لێرەدا پرســـیارێك دێتەپێش، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی بارزانی -مان وەکو سەرۆکی هەرێم و خاوەن دەسەڵاتی یاسایی پێویستە؟

جۆزێف نای، پرۆفیســـۆری پێوەندییـــە نێودەوڵەتییەکان لـــە زانکۆی هارڤارد، وا پێناســـەی ڕێبـــەر دەکات کە ئەو کەســـەیە هاوکاری خەڵك دەکات بۆ دروســـتکردن و گەیشـــتن بەو ئامانجە هاوبەشـــانەی کە لەگەڵ یەکتر هەیانە، هەندێك هەوڵ دەدەن کە ئامانجەکانیان بسەپێنن، هەندێکی تریش ئامانجـــەکان لە خەڵك وەردەگرن، بەڵام ڕێبـــەرەکان خەڵك کۆدەکەنەوە بۆ گەیشـــتن بە ئامانجە هاوبەشەکان و ڕێبەرایەتییان دەکەن. هەروەها دەڵێت: ڕێبەر بۆ ئەوەی بتوانێت ڕێبەرایەتی بکات، پێویستی بە هێزە. لە بارودۆخی ئێســـتای هەرێمی کوردستان، بارزانی ئەو ڕێبەرەیە کە دەتوانێت گەلی کوردستانی باشوور کۆبکاتەوە و ڕێبەرایەتییان بکات بۆ گەیشـــتن بە ئامانجی باڵا کە ســـەربەخۆییە. سەرۆك بارزانی متمانەی لە نێو خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیروبۆچوونی ئایدیۆلۆژی و ئایین و ئایینزاکان هەیە، بۆتـــە هۆکارێکی دڵنیایی دەروونی لە لایەن هاووڵاتییانی کوردســـتان و ئەو پێشـــمەرگە و گیانفیدایانـــەی کـــە بەرگری لە خاکی کوردســـتان و سەرجەم پێکهاتەکانی دەکات.

وەکو پرەنسیپ بۆ هەموو پۆستێك شوێنگرەوە، یان بەدیل ڕەنگە بە تواناتر بێت، یان لاوازتر، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ کەسێك وەکو کەسێکی تر نییە، هەر وەکو زانایەك دەڵێت: هەموو باشـــن، بەڵام نەك بۆ هەموو کارێك. بە دوور لە نەفەس و بیری تەســـکی حزبایەتی دۆخەکە هەستیارە و ســـەرۆکایەتی هەرێم دەبێ لە دەست کەسێکی شارەزا و خـــاوەن پێگە و ئەزموون و جێگـــەی متمانەی خەڵك بێـــت. چ بیانوویەك هەیە کە کوردســـتان لەو قۆناغەدا ســـەرۆکێکی پرۆتۆکۆلی و تەشـــریفاتی و بێدەسەڵاتی هەبێت؟

لێرەدا پێویستە هەموو لایەکمان تێگەیشتنمان بۆ واقیعی ئەمڕۆی کوردســـتان یەکبخەین، لایەنە سیاســـییەکان بە بەرپرسیارێتی هەڵســـوکەوت بکەن، ئامانجە باڵاکان نەکەینە قوربانی دروشم و ناکۆکییە سیاسییەکان و هیچ لایەنێك بە ناوی بەرگری لە دیموکراســـییەت و یاســـا دۆخەکە تێکنەدات، چونکە هەموو لایەنەکان خوازیاری دیموکراسین، دیموکراسییەت، یان گەلسالاری پەیوەستە بـــە خاکی ئـــازاد، میللەتێکی سەربەســـت، دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ. تاکو کیانێکـــی ســـەربەخۆ دانەمەزرێنین زەمینەی تـــەواو و لەبار بۆ کایەکانی دیموکراســـیەت و دەوڵەتی دامەزراوەیی نارەخســـێت. بـــۆ ئەم قۆناغە سەرۆکێکی ڕێبەرمان پێویستە.

---

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، بارزانی ئەو ڕێبەرەیە کە دەتوانێت گەلی کوردستانی باشوور کۆبکاتەوە و ڕێبەرایەتییان بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵا کە سەربەخۆییە**

**شیعەکان هەرچەندە خاوەن مەرجەعی ئایینین و تا رادەیەک توانیویانە ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە، بەڵام نەبوونی مەرجەعی سیاسی کاریگەری هەبووە لەوەی کە نەتوانن سیاسەتێکی دروستی پێکەوەژیان لەگەڵ پێکهاتەکانی تر دابڕێژن**

**گەر شەڕی تیرۆر دەرفەتی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ ڕەخساندین، بە پێچەوانەوە گەندەڵی دەبێتە هۆکاری دەستوەردانی وڵاتان بە تایبەت نەیاران، ئەو دیاردە مەترسیدارە پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوە هەیە بە پلانی ستراتیژی و کاریگەرکردنی دامەزراوە فەرمییەکان**



فازڵ میرانی
سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە نییە پشت لە سازان بکەین

**دەبێت هەموو هێز و توانای خۆمان یەکبخەین بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە مێژووییە لەدەست نەدەین**



**لە دوای ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠١٥ و پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پشتی لە سازانی نیشتمانی کرد و بە ڕێژەی زۆرینە و کەمینە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرد، ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتووە و خەریکە جۆرێك لە شڵەژانی سیاسی دروست دەبێت کە ببێتە مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئاسایش و سەقامگیری سیاسی و حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا. لە ئێستا کە هەست بەوە دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە، رای گشتی خەڵك بۆتە گوشار بۆ سەر لایەنە سیاسییەکان و داوا دەکرێت ئەم پرسە لە میانەی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکان و لە دەرەوەی پەرلەمان سازانی سیاسی لەسەر بکرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان کە لایەنێکی سەرەکییە لەم هاوکێشەیەدا و پێداگیری لە سەر سازانی سیاسی و نیشتمانی دەکات، ئامادەباشی خۆی پیشانداوە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان جارێکی دیکە وتووێژ و کۆبوونەوە بکات. گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە سیاسییە هەستیارە دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداوە و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.**

*** لە دەستپێکی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێوە وەك ئەندامی شاندی دانوستاندنی پارتی بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، هەموو قوربانییەکتان بە مافی هەڵبژاردنی پارتی دا، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتن و حکومەتێك لەسەر بنەمای سازان دروست بکەن. ئایا دەکرێت لۆژیکی ئەم بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بۆ خوێنەرانی گوڵان روون بکەنەوە؟ ئایا نەتاندەتوانی لەگەڵ لایەنێك ڕێکبکەون و حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن؟ ئەگەر دەتانتوانی حکومەتی زۆرینە پێکبهێنن، بۆ نەتانکرد؟**

- پێش هەموو شت بە بۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هەموو خوشك و برایانی موسڵمان بەگشتی و خوشك و برایانی موسڵمانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دەکەم، هەروەها زۆر بەخێرهاتنی گۆڤاری گوڵانیش دەکەم و دەستخۆشی لەو هەموو کارە باشانەتان دەکەم. سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارەش، هەروەك لای هەموو کوردستانییان روون و ئاشکرایە، ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەك خاڵی گەوهەریدا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەویش پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری خەڵکی کوردستان و بەردەوامی ئەو ئارامی و تەناهییە بووە کە لە کوردستاندا بەرقەرار بووە، دیارە پێش هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، پارتی و یەکێتی و هەندێك پێکهاتەی دیکەی سیاسی و نەتەوەیی لە کابینەی حەوتەمی حکومەت بەشداربوون، هەروەها سێ لایەنی دیکەش ئۆپۆزسیۆن بوون، کە هەمیشە بە شێوەیەکی نیگەرانییانە و رادیکاڵییانە لە شێوازی ئۆپۆزسیۆن بوون مامەڵەیان لەگەڵ حکومەت دەکرد. لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ بارودۆخەکە هەندێك گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەتایبەتی کە برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمجارەیان بڕیاریان دا بە لیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکە دابەزن، هەر بۆیە پاش ئەوەی هەڵبژاردنەکە ئەنجامدرا، بەپێی ئاکامی هەڵبژاردنەکە، دیسان پارتی بوو بە حزبی یەکەم، بەپێی پرەنسیپەکانی دیموکراتیش حزبی یەکەم دەبێت هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، لەم پرۆسەیەدا یەکەم پرس کە بیرمان لێکردەوە، ئەوەمان بە راشکاوی لەبەر چاو گرت کە بۆ ئەم قۆناخە پێویستمان بە حکومەتێکە هەموو لایەنە

براوەکانی هەڵبژاردن بەشداری تێدا بکەن، بۆ ئەمەش بەرنامەمان بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە ئەوە بوو کە پێوەندی بە هەموو لایەنە سیاسییەکانەوە بکەین، بەڵام لە سەرەتادا دوودڵ بووین لەوەی ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە شەریکی سەرەکیی ئێمەیە بەم بەرنامەی ئێمە رازی دەبێت، یان نە؟ بۆیە ئێمە یەکەمین لایەنی سیاسی کە لەگەڵیان کۆبووینەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ئەمە بێجگە لەو هاوبەشییانەی پێشتر لە نێوانماندا بوو. لەسەر ئەوەش رێککەوتین حکومەتی کابینەی هەشتەم، حکومەتێکی بنکەفراوان بێت. دوای ئەمە یەکسەر لەگەڵ سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن (بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) کەوتینە دانوستاندن و کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات. بنەمای سەرەکیش کە ئەم حکومەتەی لەسەر پێکهات، سازانی نێوان لایەنە سیاسییەکان بوو بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، دواتر ئەم سازانە باڵی کێشا بەسەر ئەو پۆستانەی حکومەتی بەغدا کە بەر کورد کەوتبوون، هەر بۆ نموونە کە پۆستی سەرۆک کۆمار بەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت، ئەمە بەپێی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، بەو حیسابەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەرامبەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، هەر لەسەر بنەمای سازانیش پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەر برایانی گۆڕان کەوت، بە تێڕوانینی بەندە ئەم سازانە هەمووی لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان بووە، ئەمە سەرەڕای گلەیی و گازندەکانی ئەم و ئەو، کە بە تێڕوانینی من هەندێك لایەن هەقی خۆیان بووە گلەیی بکەن، بۆ نموونە وەك حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بەو بەشەی دیکەی پرسیارەکەشتان بەوەی، ئایا نەماندەتوانی حکومەتی زۆرینە پێکبهێنین، بێگومان دەکرا لەگەڵ تەنها یەك لایەن رێکبکەوین، کە ئەویش یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، دەمانتوانی ئەمجارەش حکومەتی کابینەی هەشتەم پێکبهێنین، بەڵام وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێکرد، ئامانجی سەرەکیی پارتی ئەوە بوو کە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، بۆیە ئەگەر حکومەتمان تەنها لەگەڵ یەکێتی پێکبهێنابایە، بە دیدی ئێمە روون نەبوو ئاکامەکەی چۆن دەبێت، بۆیە پێکهێنانی حکومەتی کابینەی هەشتەم لەسەر بنەمای سازانی هەموو لایەنەکان بە پەسەندتر زانرا.

*** لەگەڵ ئەوەی هەندێك ئاماژەتان بە پۆستەکانی بەغداش کرد، بەڵام دیسان دێمەوە سەر ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، لەم هەڵبژاردنەشدا دیسان پارتی لە ناو فراکسیۆنی حزبە کوردستانییەکاندا بە تەنیا ٢٥ کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەست هێنا، بەڵام ئەو پۆستانەی کە یەکێتی بە ٢٠ کورسی و گۆڕان بە ٨ کورسی بەریان کەتووە، لە هی پارتی باشترن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان لێرەش ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی وەرنەگرتووە؟**

ـ پێموایە بەشی زۆری وەڵامی ئەم پرسیارەم لە پرسیاری پێشوو وەڵام داوەتەوە، بەڵام دیسان جەخت لە سەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەولەوییەتی سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی بۆ ئەو کات و ئێستاش پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستانە، بۆ ئەم ئامانجەش سازان و یەکهەڵوێستی و یەکریزیی لایەنە سیاسییەکان، هۆکاری سەرەکییە بۆ پاراستن و زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی هەیە، یان پێشهاتە تازەکان کە لە هەموویان گرنگتر، گرفتەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش -یشی بەسەردا هات، ئەگەر نا بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت لەسەر ئاستی عێراق، نە پۆستی سەرۆك کۆمار و نە پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەر کورد ناکەوێت، لە هەرێمی کوردستانیش هەر بەو جۆرەیە، ئەگەر سازان لەبەر چاو نەگرین و بەپێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن سەیری بکەین، دیسان بارودۆخەکە بە هەمان شێوەیە، بەڵام ئەو کات و ئێستاش و لە ئایندەشدا، پارتی دیموکراتی کوردستان بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستان لە سەرووی پۆستی وەزیرێك، یان کورسییەکی پەرلەمانییەوە دادەنێت.

*** دوای ئەم هەموو نەرمی نواندنەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پاراستنی یەکریزی و بەڕێکردنی چوار ساڵی ئارامی، لە ٢٣ی حوزەیران لە پەرلەمان بینیمان بە چەپڵەڕێزان سازانی نیشتمانی پێشێل کرا و، پارتی بە تەنها لە بازنەی سازانی نیشتمانی مایەوە. ئەگەر راشکاوانە بپرسم، ئایا ئەم هەڵوێستە بۆ ئێوە چەند**

**دەبێت بزانین سەرۆکێک کە ماوەی ساڵێکە هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕە لە دژی تیرۆریستانی داعش و لەناو چادر و کابینە دەخەوێت، سەرۆکێک کە لەسەر ئاستی جیهان پێگەو شکۆیەکی دیاری بۆ ئەم هەرێمە دروست کردووە، ناکرێت نادیدە بکرێت**

**ئەگەر نییەت باش بێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەم بارودۆخە هەتا هەڵبژاردنی داهاتووی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێکەوە رابگرین، تا ئەو کاتەش پشتیوان بە خوا، کوردستان لە ئاسایش و سەقامگیری دەبێت و دەبینە خاوەنی دەستووری خۆمان و هەمووشمان ملکەچی ئەو دەستوورە دەبین**

**برایانی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە سلێمانی زۆرینە بوون، بینیمان ئەم زۆرینەیە ماوەی ساڵ و نیوێک سڕکرا و لە دواییشدا هیچ رێزێک بۆ ئەو هەموو زۆرینەی شاری سلێمانی دانەنرا، بۆچی لە سلێمانی نەتوانرا بە زۆرینە و کەمینە پارێزگار دابنرێت**

**بۆ وڵاتێك و پێداویستی و میكانیزمەكان بۆ زەمینەی ئەم پرۆسەیە لەبار بێت، ئەوا لە رووی پەرلەمانییەوە پەنابردنە بەر زۆرینە و كەمینە بە نادروستی نازانم، بەڵام كە ئەم زەمینە لەبار نەبوو، ئەوا دەبێت وریابین و خۆمان لەسازان نادیدە نەگرین**

**ئێستاش و لە ئایندەشدا، پارتی دیموكراتی كوردستان بەرژەوەندیی گشتی خەڵكی كوردستان لە سەرووی پۆستی وەزیرێك، یان كورسیەكی پەرلەمانیەوە دادەنێت**

**ئەگەر بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن بێت لەسەر ئاستی عێراق، نە پۆستی سەرۆك كۆمار و نە پۆستی جێگری سەرۆكی پەرلەمان بەر كورد ناكەوێت، لە هەرێمی كوردستانیش هەر بەو جۆرەیە، ئەگەر سازان لەبەر چاو نەگرین و بە پێی ئیستحقاقی هەڵبژاردن سەیری بكەین، دیسان بارودۆخەكە بە هەمان شێوەیە**

**كتوپڕ بوو؟ ئایا قەت مەزندەی ئەوەتان كردبوو بە جارێك چوار لایەنی سیاسی پێكەوە سازان پێشێل بكەن و رووبكەنە زۆرینەی پەرلەمانی؟**

- پارتی دیموكراتی كوردستان لە تێڕوانینی دووربینانەی خۆیەوە بۆ ئەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازە و روانینی بۆ ئایندەیەكی گەشتر، لەو نەرمی نواندنەی كە پێشتر نواندوویەتی و وەك ئێوە ئاماژەتان پێكردووە، پەشیمان نییە، لە ئایندەشدا لە نەرمی نواندن پەشیمان نابێتەوە، ئەمەش لەسەر ئەو پرەنسیپە هاتووە، كە پارتی بڕوای بە زمانی توندی و زۆری لەگەڵ هیچ لایەك لە كوردستان نییە. پارتی وای دەبینێت زمانی توند و زۆری لەگەڵ دوژمنانی كوردستان پێویستە بەكار بهێنیت و بە درێژایی مێژووش پارتی لە كەسی قبووڵ نەكردووە و قبووڵیشی ناكات. بێگومان لای هەموو لایەك ئاشكرایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ـەوە لە سەر ئاستی عێراق و هەرێمی كوردستان پرەنسیپی سازان (تەوافوق) رەچاوكراوە، تەنانەت بە دوو سێ هەفتەش بەر لە ٢٣ی حوزەیرانی ئەمساڵ، لوتكەی پێكهاتەكان لە كۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بڕیاریان دابوو لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان هەر دوو پرسی سەرۆكایەتی هەرێم و دەستووری هەرێم سازانی لەسەر بكرێت، لەسەر ئاستی عێراقیش بۆ چارەسەری گرفتەكان باس لە پێكهێنانی ژووری عەمەلیات، یان (مبطخي) سیاسی كرابوو، بەڵام بەداخەوە لە ٢٣ی حوزەیران وەك بینیمان هەرچی پێشتر كرابوو، وەلانرا و پەنا برایە بەر زۆرینە و كەمینە. دیارە بۆ وڵاتێك و پێداویستی و میكانیزمەكان بۆ زەمینەی ئەم پرۆسەیە لەبار بێت، ئەوا لە رووی پەرلەمانییەوە پەنابردنە بەر زۆرینە و كەمینە بە نادروستی نازانم، بەڵام كە ئەم زەمینە لەبار نەبوو، ئەوا دەبێت وریابین و خۆمان لەسازان نادیدە نەگرین. لێرەدا دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بكەین، ئایا ئەگەر سبەی لە پەرلەمانی عێراقدا زۆرینە و كەمینە پێڕەو بكرێت، دروستە؟ پرسیارێكی دیكە بۆ پارێزگای سلێمانییە، خۆ برایانی گۆڕان لە هەڵبژاردنی پارێزگاكان لە سلێمانی زۆرینە بوون، بینیمان ئەم زۆرینەیە ماوەی ساڵ و نیوێك سڕكرا و لە دواییشدا هیچ رێزێك بۆ ئەو هەموو زۆرینەی شاری سلێمانی دانەنرا، بۆچی لە سلێمانی نەتوانرا بە زۆرینە و كەمینە پارێزگار دابنرێت؟ هەروەها لە دوای رووداوەكانی ١٧ی شوبات، دەگوترێ پەرلەمان خۆی بڕیارێكی دەركردووە بەوەی هەر پرسێك رەهەندی نیشتمانی هەبێت، دەبێت سازانی لەسەر بكرێت. كەواتە ئەگەر وابێ پەرلەمان خۆی بڕیارەكەی خۆی پێشێل كردووە. من لێرەدا پرسیارێك دەكەم و دەخوازم خوێنەرانی گوڵان بیری لێ بكەنەوە، ئایا ئامانج لەم هەنگاوەی پەرلەمان پێكەوە كاركردنە؟ یان ئەمە هەلێكە قۆستراوەتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە؟ یان خوانەخواستە ئەگەر پێكچواندن نەبێت (ان هو الا وحي يوحى)؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێم: ئەگەر ئامانج پێكەوە كاركردنە وەك پێشان، ئەوا دەبێت سازان پەیڕەو بكرێت. ئەگەر بۆ تۆڵەسەندنەوەیە، ئەوا دەبێت میللەتەكەمان باجەكەی بدات، ئەمەش سەرناگرێت لەبەر ئەوەی لەمبارەوە ئەزموونێكی تاڵمان هەیە، خۆ ئەگەر خوانەخواستە بمانەوێت، یان نەمانەوێت دەبوو ئەمە هەر بكرێت (وتلك هی الطامة الكبری).

*** دوای ئەوەی لە كوردستان بنەمای گەمەی سیاسییان لە سازانی نیشتمانییەوە گۆڕی بۆ زۆرینەی پەرلەمانی و وەلاخستنی پارتی، دوای ئەوەی خەریكە بۆیان دەردەكەوێت، بەبێ پارتی دیموكراتی كوردستان هیچ هەنگاوێك سەركەوتوو نابێت، ئێستا گەڕاونەتەوە باسی سازانی نیشتمانی دەكەن، ئایا دوای چی باسی سازانی نیشتمانی دەكەن؟ ئایا بنەمایەك ماوە بۆ سازانی نیشتمانی هەتا لەسەری رێكبكەون؟**

- بە دیدی من هەر هەموومان لە ناخی راستگۆیی خۆماندا ئەو راستییە دەزانین، كە سازان باشترین هەڵبژاردەمانە بۆ پێكەوە كاركردن و پاراستنی دەستكەوتەكانمان، هۆكاری سادە بۆ ئەمە ئەوەیە هیچ لایەكمان زۆرینەی رەهای نییە، قەناعەتی من بەو جۆرەیە هەتا ئەگەر لایەكمان زۆرینەی رەهاشی هەبێت، وا باشترە شەراكەت لەگەڵ لایەنەكانی دیكە بكات، چونكە ئەگەر خوانەكات یەكێك بیر لە شموولییەت بكاتەوە، پاشان ئەگەر ئەم برا و هاوبەشانە پارتییان بەجێهێشت، ئەوا خەڵكی دیكەش هەیە لەگەڵ پارتی راوەستاون، پارتی لەم قۆناخە هەستیار و ناسكەدا، نە ئەوان و نە ئەمانیش بە ئاسانی بەجێ ناهێڵێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەكەمان و ئەو تەحەددییانەی رووبەڕووی هەرێم بوونەتەوە، زۆرن. وەك: كێشەكانمان لەگەڵ عێراق، تەنگژەی بودجە و مووچە و سووتەمەنی، قەیرانی شەڕی داعش و مەترسیی درێژخایەنی ئەم شەڕە، دەستێوەردانی ئەم لاو ئەولا لە ناوچەكە و لە هەرێمیشدا، بۆیە بە دیدی من، وروژاندنی ئەم پرسە لەم كاتەدا، واتە بارێكی

قورسی دیکە دەخەینە سەر بارە گرانەکەی سەرشانی هەرێمی کوردستان.

*** لە پەیامەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە داوای سازانی نیشتمانی دەکات، ئەگەر بە وردی دێڕەکان بخوێنینەوە، لەو کاتەی جەنابیان داوا لە هەر پێنج لایەنەکە دەکات کە تا ٢٠ی ئاب سازان بکەن، لە هەمان کاتدا دەشـڵێت ئەگەر نەگەیشتنە سازان، ئەوا ئەو کات من هەڵوێستی خۆم رادەگەیەنم. لەم پەیامە ئەوە دەخوێندرێتەوە کە سازان ئاسان نەبێت. ئایا ئەو هۆکارانەی وایکردووە سازانی نیشتمانی قورس بێت، بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- پەیامی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان روون و ئاشکرایە. بەر لەوەی بزانین هەڵوێستی بەڕێزیان چی دەبێت، هەر بۆیە ئەگەر نییەت باش بێت، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەم بارودۆخە هەتا هەڵبژاردنی داهاتووی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێکەوە رابگرین، تا ئەو کاتەش پشتیوان بە خوا، کوردستان لە ئاسایش و سەقامگیری دابێت و دەبینە خاوەنی دەستووری خۆمان و هەمووشمان ملکەچی ئەو دەستوورە دەبین، پەرلەمانی کوردستانیش ناتوانێت هیچ یاسایەك، یان بڕیارێك بەدەر لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە دەربکات. هەر بۆیە ئەگەر بە راستی نیازپاکی هەبێت، ئەوا دەبێت بزانین سەرۆکێك کە ماوەی ساڵێکە هاوشانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش و لەناو چادر و کابینە دەخەوێت و تائێستاش لە کۆی ١٢٨٠ شەهید، نزیکەی ٧٣٨ شەهید لە حزبەکەی پێشکەش کردووە و باقیەکەشی لە برایانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سۆسیالیست و....، سەرۆکێك کە لەسەر ئاستی جیهان پێگەو شکۆیەکی دیاری بۆ ئەم هەرێمە دروست کردووە، ناکرێت نادیدە بگیرێت، بۆیە لەم بارودۆخەدا کە پەرلەمانی کوردستان، ئەم پرسەی بەمجۆرە وروژاندووە، پێویستە بە شێوەیەکی ئەقڵانیتر بیری لێبکرێتەوە، دەبێت هەموو لایەك بزانن ئەم پرسە وا ئاسان نییە.

*** خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ، بوونی دوو ژینگەی سیاسییە لە کوردستان، یەکەمیان ژینگەی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەم ژینگەیەدا لەگەڵ ئەوەی جیاوازیش هەیە، بەڵام جۆرێك لێکتێگەیشتن هەیە، بەڵام لە ژینگەی دووەمدا کە بریتییە لە لێدوان و خۆدەرخستنی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان، هەست دەکەین بە جۆرێك لە نمایشی حزبی و ناپەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە دەکرێت. ئایا هاودژی نێوان ئەم دوو ژینگەیە تاچەند رای گشتی لەم وڵاتەدا شێواندووە؟**

- دیارە کوردستان لە دەرەنجامی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی رابردوو بینیویەتی، لە ئێستادا جۆرێك لە ئازادی رادەربڕینی رەها هەیە، بەڵام ئەوەی پێویستە حیسابی لەسەر بکرێت، ئەو ژینگە سیاسییەیە کە هێزە سیاسییەکان تێدا کۆدەبنەوە و تاوتوێی پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان دەکەن، هەتا ئێستاش هێزە سیاسییەکانی کوردستان رۆڵی سەرکردایەتیکردن و ئاراستەکردنی جەماوەری خۆیان لەدەست نەداوە، لە باری واقیعیشدا نابێت ئەم رۆڵە لە دەست بدەین، چونکە مەترسیی گەورە لەوێدایە.

*** لە دوماهی پرسیارەکانماندا، ئەگەر بتوانیت پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەر ئەم قۆناخە و هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و هەنگاو هەڵگرتنی بۆ ئایندەیەکی گەش، بۆ خوێنەرانی گوڵان باس بکەیت؟**

- پەیامی ئێمە بە راشکاوی ئەوەیە کە دیموکراتییەت تەنها زۆرینە و کەمینە نییە، هەروەك چۆن دیموکراتییەت تەنها هەڵبژاردن نییە، زۆرینە و کەمینە پرەنسیپێکی پەرلەمانی و حزبی باشە، بەڵام ناکرێت بە شێوەیەکی دڵخواهی (ئینتقائی) سەیر بکرێت، هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لەسەر بنەمای سازان (تەوافوق) بونیاد نراوەتەوە و بەڕێوەچووە، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە لە بنەمای سازان پاشەکشە بکەین، بە هەر بیانوویەك ئەمە بکرێت، هەڵەیەکی مێژووییە و حیساباتێکی نادروستە، با هەمووومان سەبر بکەین لە پێناوی بەدیهێنانی خەونە تاکەکەسی و حزبیەکان، دان بەخۆماندا بگرین، لەم بارودۆخەدا با هەموو توانا و وزەی خۆمان پێکەوە بەگەڕ بخەین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەو کێشانە دەرباز بکەین کە لە ئێستا رووبەڕووی بۆتەوە و بریتین لە شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش، گرفتەکانمان لەگەڵ عێراق، قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و دەرەنجامەکان، خۆپاراستن لەو قەیرانانەی لە دەوروبەرمانن، ئێستا کاتی ئەوەیە هەمووومان بیر لەم کێشانە بکەینەوە، گرنگە ئەوەشمان لەبیر نەچێت بە درێژایی مێژوو، خودی کورد هێندەی دوژمنەکانی زیانی لە خۆی داوە.

**ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یەک خاڵی گەوهەریدا خۆی بەرجەستە دەکات، ئەویش پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری خەڵکی کوردستان و بەردەوامی ئەو ئارامی و تەناهییە بووە کە لە کوردستاندا بەرقەرار بووە**

**سازان و یەکهەڵوێستی و یەکریزیی لایەنە سیاسییەکان، هۆکاری سەرەکییە بۆ پاراستن و زامنکردنی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی هەیە**

**کە پۆستی سەرۆک کۆمار بەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت، ئەمە بەپێی رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، بەو حیسابەی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەرامبەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، هەر لەسەر بنەمای سازانیش پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بەر برایانی گۆڕان کەوت، بە تێڕوانینی بەندە ئەم سازانە هەمووی لە بەرژەوەندی کورد و کوردستان بووە**



# بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان پێویستیمان بە سازانی نیشتمانییە نەک سازانی حزبی



غەفوور مەخمووری*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

هەر کێشەو پرسێکی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە دێنە پێشەوە بێ هۆکار نین، کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەندێ جاریش باکگراوندی مێژوویی رۆڵی خۆیان دەبینن لە سەرهەڵدانی ئەو کێشە و گرژییانە. ئەو کێشەو گرژییە ناوخۆییانەی کەوا ئەمڕۆ بەرۆکی کوردستانیان گرتۆتەوە، دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکار، کە بە ڕای من بەشێکی زۆریان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ناعەدالەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، بەشـێکی دیکەشیان پەیوەندی بە پەرش و بڵاوی ناوەندی سیاسـیی کوردستان و یەکدی قبووڵنەکردن و پەراوێزخسـتنی لایەنە سیاسییەکانەوەیە، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە؛ لە کوردستان حزب کۆنترۆڵی هەموو شـتێکی کردووە و بەسـەر هەموو شتێکدا زاڵە و دەسەڵاتی بە سـەر هەموو شتێکدا هەیە. وایلێهاتووە حـزب کۆنترۆڵی هەمـوو کایەکانی ژیانـی کردووە، ئەمەش وایکـردووە دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتی ئێمە سیسـتماتیك نەبن و لە سـەر بنەمای سیستەم بەڕێوە نەچن و، لەسەر بنەمای میزاجی شەخسی بەڕێوەبچن. ئەمانە هەموو وایانکردووە پەرلەمانی کوردسـتانیش کە سەرچاوەی یاسـادانانی کوردستانە ببێتە دەزگایەك بۆ شـەرعییەتدان بە بڕیارەکانی حزب، زۆربەی کێشەکان بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێنەوە، ئێمە زانیمان کێشـەکانمان چین، بەڵام چۆنیان چارەسەر بکەین؟

چارەسـەری ئەو کێشـەو گرژییانە بەوە دەکرێت کەوا سـەرکردایەتی سیاسـیی کوردسـتان مامەڵەیەکـی دادپەروەرانـە لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەی کوردسـتان بکات، لەهەمان کاتدا مامەڵەیەکی تەندروسـت لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکات و بە ڕاوێژ لەگەڵ هەمـوو لایەك نەخشـەرێگەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دابڕێژێت بۆ دەربازکردنی ئەم قۆناخە هەستیار و چارەنووسسازە، ئەمەش دەبێتە بناخەیەکی پتەو بۆ ئەو یەکڕیزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ئێمە نیمانە و پێویستیمان پێیەتی. یەکڕیزی کورد بەهێزترین فاکتەری سەرکەوتنی کوردە، بەڵام ئێمە ئەو یەکڕیزییەمان نییە.

ناوەندی سیاسیی کوردستان پەرش و بڵاوەو پێویستی بە یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەیە. پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە چاوێکی یەکسان سەیری لایەنە سیاسییەکان بکات و هیچ لایەك پەراوێز نەخات، بۆ ئەمەش پێویستە نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ لایەك و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕەچاوبکات. ئەگەر باس لە یەکڕیزی و یەکدەنگی دەکەین، تەنها شەش حەوت لایەن لە کوردستان نین، کۆمەڵێ لایەنی دیکەش هەن کە خاوەن دیرۆك و خەبات و بیروڕا و بۆچوونی خۆیانن و، بۆ ئەو میللەتە خەباتیان کردووە و ماندوو بوون، ناکرێ ئێستا پەراوێز بخرێن و گوێیان لێنەگیرێت، ئەوە ناعەدالەتی و لەبەرچاو نەگرتنی ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکانە، پێوستە بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی ناوەندی سیاسیی کوردستان گوێ لەوانیش بگیرێت.

ماوەیەك لەمەوبەر پێشنیاری پێکهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان)م کرد، بۆ ئەوەی تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتەخۆ. واتە ئەو حزبانەی کەوا لە پەرلەمان و حکومەتدان و ئەو حزبانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەتدان، لەهەمان کاتدا پێشنیاری ئەوەم کردبوو بۆ ئەمە خۆمان لە هەندێ چەمکی تەقلیدی بەدوور بگرین و ڕۆحییەتی خۆبەزلزانین بگۆڕین بۆ ڕۆحییەتی یەکدی قبووڵکردن. بۆ نموونە پێویستە دەستەواژەی حزبی بچووك و حزبی گەورە بخەینە لاوە و واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەین. بە باوەڕی من گەورەیی و بچووکی حزبی سیاسی لە هەڵوێستیدایە، نەك لە قەبارەکەی. زۆر حزبی گەورە هەبوون، ئێستا هەر نەماون، هاوکات زۆر حزبی گەورە هەبوون ئێستا بچووك بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا زۆر حزب هەبوون کە بچوك بوون، ئێستا گەورە بوون و ڕێبەرایەتی نەتەوەیەك دەکەن. مانەوەی لایەنێك لە دەرەوەی ئەو ئەنجوومەنە دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا کێشە و گرژی دروست ببێتەوە، بۆیە پێویستە هەموومان یەکدی قبووڵ بکەین و بە گیانی برایەتی مامەڵە لەگەڵ یەکدی بکەین.

لێرەدا لە پێناو چارەسەری کێشەکان و خاوکردنەوەی گرژییەکان جارێکی دیکە داوای دروستکردنی (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان) دەکەمەوە، ئەمەش دەبێتە ماڵێك بۆ هەموو لایەنەکان، لە هەمان کاتدا دەتوانین تەواوی کێشە و گرژییەکان لەو ئەنجوومەندا باس بکەین و چارەسەرییان بۆ بدۆزینەوە. هەروەها دەتوانین لەڕێی ئەو ئەنجوومەنە (ئەنجوومەنی سیاسیی کوردستان) هەم ناوەندی سیاسیی کوردستان ڕێکبخەینەوە و هەمیش بگەینە سازانی نیشتمانی، لە هەمان کاتدا دەکرێ هەر لەو ئەنجوومەنەدا گفتوگۆ لە سەر پرسی (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان) بکرێت و یەکلا بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم پرسە پێویستی بە سازانی نیشتمانی هەیە، نەك سازانی حزبی، بێگومان سازانی نیشتمانی و سازانی حزبی دوو شتی لەیەك جیان، ئەوەی ئێستا لە باشووری کوردستان هەوڵی بۆ دەدرێت، سازانی حزبییە لە نێوان پێنج لایەنی سیاسی و کۆمەڵێ لایەنی سیاسی دیکە لەو سازانە حزبییە پرس و رایان پێنەکراوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بەو سازانە پێنج حزبییە بگوترێت سازانی نیشتمانی. نیشتمان موڵکی هەمووانە، نەك بە تەنیا موڵکی ئەو پێنج لایەنە. ئەگەر چاومان لەوە بێت کێشەکانمان چارەسەر بکەین و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و هێمن و ئارام بنیاد بنێین، دەبێ یەکدی بخوێنینەوە و یەکدی قبووڵبکەین، یەکدی ڕەتکردنەوەو یەکدی پەراوێزخستن لە یەکدیمان دووردەخاتەوە و زیان بە هەموو لایەکمان دەگەیەنێت. بۆیە پێویستە چاو بە سیاسەتی پێشوودا بخشێندرێتەوەو بەشێوازێکی دادپەروەرانە مامەڵە لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بکرێت.

بێگومان بنچینەی دەسەڵات دادپەروەرییە، بۆیە پێویستە دەسەڵات مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکان بکات و هیچ لایەك پەراوێز نەخات. سیاسەتی ڕەتکردنەوە و پەراوێزخستن خزمەتی بارودۆخی کوردستان ناکات و کەلێنێکی گەورە دەخاتە یەکڕیزی نیشتمانی، لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە هەندێ وڵات سوود لەو کەلێنەوە وەربگرن و بەرنامەو ئەجێندای تایبەت بە خۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان پیادە بکەن، بێگومان ئەم حاڵەتەش ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە.

لێرەوە داوا لە برای بەڕێزم جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان دەکەم، کەوا وەك هەمیشە خاوەن بڕیاری خۆی بێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان و بە زووترین کات بڕیار لە سەر پێکهێنانی (ئەنجوومەنی سیاسی کوردستان) بدات و بە راوێژ لەگەڵ تەواوی لایەنەکان کارنامەیەکی نیشتمانی بۆ قۆناخی داهاتووی خەبات دابڕێژێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان و گەیشتن بە سازانی نیشتمانی لە جیاتی سازانی حزبی.

***

*** سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK**

**پێویستە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە چاوێکی یەکسان سەیری لایەنە سیاسییەکان بکات و هیچ لایەک پەراوێز نەخات، بۆ ئەمەش پێویستە نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ لایەک و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی ڕەچاوبکات**

**سیاسەتی ڕەتکردنەوە و پەراوێزخستن خزمەتی بارودۆخی کوردستان ناکات و کەلێنێکی گەورە دەخاتە یەکریزی نیشتمانی، لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە هەندێ وڵات سوود لەو کەلێنەوە وەربگرن و بەرنامەو ئەجێندای تایبەت بە خۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان پیادە بکەن**

## برایان فلیپس

پسپۆڕ لە گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ گوڵان:

# کورد حاڵی حازر خاوەنی دەوڵەتی ئەمری واقیعە و دەبێت ئەمە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی رەسمی و دانی پێدا بنرێت



**برایان جەی فلیپس پرۆفیسۆری توێژەرە لە سەنتەری توێژینەوە و فێربوونی ئابووری (CIDE) لە شاری مەکسیکۆ، تایبەتمەندە لەسەر بوارەکانی مانەوەی گرووپە تیرۆریستەکان و ململانێ لە نێوان گرووپە تیرۆریستییەکاندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی رێکخراوێکی تیرۆریستی و درندەی وەك داعش و هەروەها هەوڵە بێ ئاکامەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لە ریشە هەڵکێشانی ئەو رێکخراوە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە راو سەرنجەکانی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** بەرپرسانی ئەمریکی راشکاوانە پەنجە دەخەنە سەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەڵێن هیچ کام لەو کێشانەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە، ئاکامی سیاسەتی ئەمریکا نییە، یان ئەمریکا لێیان بەرپرس نییە، پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەی هۆکاری راستەقینەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چین؟**

- لە ڕاستیدا چەندین هۆکار هەن کە بەرپرسن لە دروستبوونی ئەو توندوتیژییەی حاڵی حازر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی چەند هۆکارێکی کەم هەن کە گرنگن: ئەو ناسەقامگیرییەی لە عێراقدا لە ئارادایە کە هۆکاری دروستبوونیشی بۆ گۆڕینی رژێمەکە لە ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەو شەڕە ناوخۆییەی بەدوایدا هات، هاوشان بە بەهاری عەرەبی و کاردانەوەی حکومەتی سووریا لە ئاستیدا. ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی زۆرێك لە کاراکتەرەکانی

ناوچەکەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەیتوانی کاری زیاتر ئەنجام بدات بۆ بەرپێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییە. لە سەروەختی بەهاری عەرەبیدا گەشبینیەکی زۆر باڵی کێشابوو بە سەر رای گشتیدا، هەروەها ئەمە چەند هەواڵێکی خۆشیشی لێکەوتەوە، بەڵام زۆرجار بە دیموکراتیکردن هاوشانە بە توندوتیژی. زەحمەتە بۆ دیموکراسییە تازەکان کە بە دۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێدەپەڕن، سەقامگیری و گەشەکردن بەدەست بێنن، بەتایبەتی کاتێك گرووپە توندڕەوەکان هانی رق و کینە و ناسەقامگیری دەدەن.

*** بەڵام وەك ئێستا بە راشکاوی دەیبینین، ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست هەنگاویان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هەڵنەگرتووە، ئەوەی دەیکەن بە زۆر هێشتنەوەی نەخشە کۆنەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئایا بەم پێداگیرییە لەسەر مانەوەی ئەو نەخشە کۆنە کێشەکان چارەسەر دەبن؟**

- من لەوە دڵنیا نیم کە رۆژئاوا و ئەمریکا چ پێداگیرییەکیان لەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، بەڵام لە مامەڵەکردنی لەگەڵ داعشدا ئەمریکاش بە چەشنی وڵاتانی دیکە هەڵەی کردووە. ئەمریکا زۆر درەنگوەخت هاتەسەر خەت کاتێك داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا گەشەی کرد، لە ئێستاشدا ئەمریکا دەتوانێت کاری زیاتر ئەنجام بدات. لەبەر چەند هۆکارێکیش کاردانەوە و وەڵامدانەوەی ئەمریکا وەك پێویست نەبووە، لە نێویاندا شەکەتبوونی ناوخۆیی لە دووبارە تێوەگلان لە شەڕێکی دیکە لە عێراقدا، هەروەها ئەو مشتومڕەی لەگەڵ شەریکە نێودەوڵەتییەکاندا هەیەتی لەبارەی چۆنیەتی بەرەوپێشچوون لەو ڕووەوە. ئەمریکا بە هەزاران گورزی ئاسمانی لە دژی داعش ئەنجام داوە و توانیویەتی وڵاتانی دیکەش بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بەشداری لەو هەڵمەتەدا بکەن، بەڵام ئاشکرایە کە دەبێت کاری زیاتر ئەنجام بدرێت. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانیوە بگاتە بڕیارێك سەبارەت بە سووریا، وڵاتانێك هەن هانی توندوتیژی لە نێوان شیعە و سوننە دەدەن، وڵاتانێك نەوت لە داعش دەکڕن، یان بواری پێ دەدەن بازرگانی بکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەك پێویست ئاوڕ لە ناوچەکە ناداتەوە.

*** دیارە تیرۆریستانی داعش لاوازیی دەوڵەتانی ناوچەکە و کەمتەرخەمی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە فرسەت وەرگرتووە، هەر بۆیە لە یەك دوو هەفتەی رابردوو چەندین کاری تیرۆریستی لە تونس و فەرەنسا و کوەیت و سۆماڵ ئەنجام دا، پرسیار ئەوەیە کەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاوڕێکی جددی لەم مەترسییە دەداتەوە؟**

- ڕوون نییە ئایا هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش ئاماژەی بەهێزی، یان لاوازی ئەو ڕێکخراوەن. ئەگەر داعش هەوڵی ئەوە دەدات پتر سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەوا ڕەنگە سەرکەوتوو بێت. داعش ڕایگەیاندووە کە دەیەوێت شەڕکەری بیانی زیاتر بێنێتە ریزەکانیەوە بۆ نێو شەڕەکە. ئەگەر لە ساڵێکی دیکەدا بوایە، ئەوا بۆی هەبوو داعش خێراتر ئەوەی بەدەست بهێنایە کە دەیویست. هەرچۆنێك بێت، لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە، دۆخێکی ئابووری دژوار و خەرجییەکی سەربازی کەم و بایەخدانێکی کەمتر هەیە بە دەستێوەردانی دەرەکی. ڕەنگە بەهۆی ئەو هێرشە مەترسیدارانەوە داعش خەڵکانی زیاتر بێنێتە ریزەکانیەوە، بەڵام ڕوون نییە دەتوانێت چ شتێك بەدەست بێنێت. هەروەها ڕەنگە ببێتەهۆی ئەنجامدانی گورزی ئاسمانی زیاتر، بەڵام گورزە ئاسمانییەکانیش بە تەنها بۆ تێکشکاندنی ئەم گرووپە بەس نین.

*** باسی ئەوەت کرد هەتا ئێستاش وڵاتانێك هەن بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هاوکاری داعش دەکەن و بازرگانی نەوتی لەگەڵ دەکەن و نەوتەکەی لێدەکڕن، بەڵام وەك لە یەك دوو هەفتەی رابردوو بینمان نزیکەی ٧٠-٨٠ چەکدار دزەیان کردە ناو کۆبانێ و لەوێ قەسابخانەیەکیان لە خەڵکی بێتاوان و سڤیل دروستکرد، ئایا ئەمەش پێشکەشکردنی ئاسانکاری ئیقلیمی نییە بۆ تیرۆریستانی داعش؟**

- هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بە دەست چەند تەحەددییەکەوە گرفتارە. زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە چوونەتە نێو هاوپەیمانێتی ئاڵۆز و پڕ لە دژیەکییەوە. پێدەچێت هەندێ لە وڵاتان ئیستیغلالی داعشیان کردبێت لە ڕوانگەی ئەوەی «دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە». هەر وڵاتێك پشتیوانی داعش بکات، یان چاوپۆشی لێبکات لە مەودای دووردا لەو بڕیارەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم گرووپە مەترسیدارە و جێی باوەڕپێکردن نییە و لە مەودای دووردا تەنها تیرۆریزمی زیاتر و کاولکاری زیاتر بەرهەم دەهێنێت.

*** لە ئێستادا حکومەتی عێراق سەلماندوویەتی نە لەسەر ئاستی سەربازی دەتوانێت داعش تێکبشکێنێت، نە لەسەر ئاستی سیاسیش دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات، ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- ئایندەی عێراق ناڕوونە. تاوەکو زیاتر ئەو خاکانە لە ژێر دەستی داعشدا بن، ئەوا زەحمەتە وەك دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێز بیر لە عێراق بکەینەوە. هەرچۆنێك بێت، چەندین شەڕی ناوخۆیی ڕوویانداوە کە بۆ چەند دەیەیەك درێژەیان کێشاوە، ئەو ماوەیەش کە ئەو خاکانە لەدەست چوون، لە کۆتاییدا شەڕی ناوخۆ بە تێکشکانی یاخیبووان کۆتایی دێت. ژمارەیەك لە چاودێران پێشنیاری چارەسەرێکیان بۆ عێراق کردووە کە دابەشکردنی ئەو وڵاتە بۆ سێ بەش لە خۆدەگرێت، بەڵام ڕوون نییە ئایا ئەمە باشترین چارەسەرە، هەروەها ئەمە چارەسەرێکی حەتمیش نییە. حاڵی حازر کوردەکان خاوەنی دەوڵەتی ئەمری واقیعی خۆیانن، بەڵام بە دڵنیاییەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان دەوڵەتی

**هەر وڵاتێک پشتیوانی داعش بکات، یان چاوپۆشی لێبکات لە مەودای دووردا لەو بڕیارەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم گرووپە مەترسیدارە و جێی باوەڕپێکردن نییە و لە مەودای دووردا تەنها تیرۆریزمی زیاتر و کاولکاری زیاتر بەرهەم دەهێنێت**

**وڵاتانێک نەوت لە داعش دەکڕن، یان بواری پێ دەدەن بازرگانی بکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەک پێویست ئاوڕ لە ناوچەکە ناداتەوە**

رایمۆند تەنتەر

تویژەری باڵا لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ڕێگای دروستە بۆ تێکشکانی تیرۆریستانی داعش

**پرۆفیسۆر رایمۆند تەنتەر لە ساڵی ٢٠١١ یەكێك بووە لە توێژەرە باڵاكانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك و لە ئێستاشدا گەورە توێژەرە لە سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی میشیگان و تایبەتمەندە لەسەر كاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی و كێشەی عەرەب – ئیسرائیل. بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ئێستای ناوچەكە و بانگەشەی داعش بۆ دامەزراندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و زەرورەتی دروستبوونی دەوڵەتی كوردستان بۆ تێكشكانی تیرۆریستان لەسەر زەوی، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی-یەوە، رۆژئاوا بە جۆرێك نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داڕشتەوە، كە زۆر كەس ئەو نەخشەیە بە هۆكاری ئەو ئاڵۆزییە دەزانێت. ئایا هۆكاری ئەم بارودۆخە چۆن دەستنیشان دەكەیت؟**

- دەكرێت پشێویی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو نەخشەیەی دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درووست كرا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێكی زۆری عێراق و سووریا و زۆرێك لە باكووری ئەفریقیای


ئەمری واقیع و دەوڵەتێك كە بە ڕەسمی دانی پێدانرابێت. لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعشیش، هێزە كوردییەكان بێئەندازە گرنگ بوون و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەم ڕاستییە دەزانێت. زەحمەتە وێنای تێكشكاندنی داعش بكەن بە بێ هەوڵی بەردەوامی كورد. لەوەش زیاتر، ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە كە زۆرێك لە وڵاتان و زۆر كەس لە جیهاندا پشتیوانی بیرۆكەی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەكەن و باوەڕیان وایە گەلی كورد شایستەی ئەوەیە خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا من لە هیچ وڵاتێكی بەشداربووی شەڕی داعشم نەبیستووە ڕایبگەیەنێت دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی زەروورەتێكە بۆ تێكشكاندنی داعش. لەبەر ئەوەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی نوێ پێویستی بە ڕەزامەندی چەندین كاراكتەر هەیە، هەر لە هێزە ئیقلیمییەكانەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان، بە دڵنیاییەوە ئەمە هەرگیز كارێكی ئاسان نەبووە. لە ئێستادا كە هەم عێراق و هەم ئێران لە شەڕكردنیان لە دژی داعش یەكگرتوون، ئەوا ڕەنگە ئێستا كاتی ئەوە بێت كە دەوڵەتی كوردی زیاتر لە هەر كاتێكی دیكە پشتیوانی ئیقلیمی بەدەست بێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی دیكە ئاستەنگی بۆ دروست بكەن.

*** ئەی سەبارەت بە ئایندەی داعش، ئایا دەتواندرێت لە رووی فیكری و سەربازییەوە ئەم سەرەتانە ریشەكێش بكرێت؟**

- پێموانیە مانەوەی گرووپێكی وەك داعش شتێكی حەتمی بێت، یاخود لە حاڵەتی لە ناوچوونی داعشدا گرووپێكی توندڕەوەی دیكە جێی بگرێتەوە. ئەم گرووپانە بۆشایی دەسەڵات پڕ دەكەنەوە و سوود لە نەبوونی دەسەڵات وەردەگرن و ئیستیغلالی ئەو ترس و لایەنگیرییە دەكەن كە كەسانێك هەیانە دژ بە گرووپەكانی دیكە. ئەوان لەسەر نەزانی گەشە دەكەن. لە ناو ئیسلامدا شەڕێك هەیە لەبارەی ئایندەی ئایینەوە، زۆرێك لە دەنگە میانڕەوەكان دەنگیان لە دژی توندڕەوەكان دەربڕیوە. ئەمە شەڕێكی ئایدیۆلۆژییە كە پێویستە دەنگە میانڕەو و مۆدێرنەكان بەردەوام بن لە دەنگ بەرزكردنەوە. كەسانی وەك ئێمەش كە موسڵمان نین، پێویستە پشتیوانی ئەو كەسانە بكەین كە دژی توندڕەوەكانن و بوار نەدەین كەسە رادیكاڵەكان كاری توندوتیژی ئەنجام بدەن و لێكترازان و دابەشبوون دروست بكەن. هەمیشە بیروباوەڕی رقئامێز لە ئارادایە، بەڵام لە هەلومەرجێكی دیاریكراودا بەهۆی دۆخە ئابوورییەكە و داینامیكییەتی رێكخراوەكان و سیاقە سیاسییەكە و پشتیوانی نوخبە و هۆكارەكانی دیكە، رق و قین پتر زەق كراونەتەوە، یاخود لە ناو خەڵكدا بڵاون. بردنەوەی شەڕی ئایدیاكان پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی سەرجەم ئەو فاكتەرانە هەیە.

**ئەمریكا بە هەزاران گورزی ئاسمانی لە دژی داعش ئەنجام داوە و توانیویەتی وڵاتانی دیكەش بهێنێتەسەر ئەو قەناعەتەی كە بەشداری لەو هەڵمەتەدا بكەن**

**زەحمەتە بۆ دیموكراسییە تازەكان كە بە دۆخێكی هەستیار و ناسكدا تێدەپەڕن، سەقامگیری و گەشەكردن بەدەست بێنن، بەتایبەتی كاتێك گرووپە توندڕەووەكان هانی رق و قین و ناسەقامگیری دەدەن**



کۆنترۆڵ کردبوو. ئێستا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش) دەیەوێت خەلافەتی ئیسلامی بۆ ئەم دوو وڵاتە بگەڕێنێتەوە، واتە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ کە ئەو سنوورانەی کێشاوە کە داعش دەیەوێت بیانسڕێتەوە. فاکتەرە لاوەکییەکانیش، داکشانی دەسترۆیشتوویی ئەمریکا لە دوای شەڕی عێراق (٢٠٠٣-٢٠١١) لە خۆدەگرێت، لەگەڵ شکستهێنان لە پاراستنی دەستکەوتەکانی زیادکردنی هێزی ئەمریکا و کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١، هاوشان بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بە هەماهەنگیی ئێران لە عێراقدا، کە ئەمەش دەبێتە هۆی باسك ئەستووربوونی شیعەکان لە دژی سوننە و کورد، بەو پێیە ئەمە دەبێتە مایەی هاندانی شیعەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە گۆشەگیرکردنی سوننەکان لە عێراقدا. لەگەڵ بوونی ١٠ ملیۆن سوننەش لە عێراقدا، داعش ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ گەشەکردن. تاوەکو سوننەکان ئاوێتە نەکرێنەوە لە عێراقدا، داعش بەردەوام لە گەشەکردندا دەبێت. هەر لەبەر ئەمەشە بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە عێراقدا کارێکی بێهودەیە ئەگەر هاوشان نەبێت بە ستراتیژیەتێك بۆ ڕێگەگرتن لەوەی داعشە یاخیبووە میانڕەوەکانی سووریا بەرەو بەرەی ئەلنوسرە و دواتر بەرەو داعش پاڵ پێوە نەنێت.

*** پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە بابەتی گەرمی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە لە رۆژئاوا. بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە پشتیوانی ئەم پرسە ناکرێت، تا چ ڕاددەیەك دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە فاکتەرێك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

- راستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان فاکتەرێکە بۆ تێکشکاندنی داعش. هەنگاوەکانیش بەم ئاڕاستەیەدا ئەوە لەسەر هەرێمی کوردستان پێویست دەکات کە خاوەنی داهاتی نەوتی خۆی بێت، لە بری پشت بە رژێمی شیعە ببەستێت لە بەغدا کە ئەو داهاتەی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، لە جێی خۆیدا بەکار ناهێنێت، هەروەها دەبێت واشنتۆن ڕاستەوخۆ چەك بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکات لە بری ئەوەی لە ڕێی بەغداوە ئەم کارە بکات.

*** ئەگەر گریمانەی لەناوچوونی داعش بکرێت، ئایا ڕێگەی گونجاو بۆ ریشەکێشکردنی بیرۆکەی داعش چییە؟**

- ئەگەر هاتوو سوننەکان دووبارە ئاوێتەی عێراق کرانەوە، دەکرێت ڕەوتی سەلەفیزمی جیهادی لە عێراقدا خاو بکرێتەوە و لە کۆتاییدا تێکبشکێندرێت، هەروەها ئەگەر هاتوو کوردستانی سەربەخۆ هاتەئاراوە، دەکرێت یارمەتی موعارەزەی ئێرانی بدرێت، بۆ ئەوەی لە عێراق بگوێزرێنەوە و لە کوردستان و ئەلبانیا و ئەمریکا نیشتەجێ بکرێن.

# کوردستانی سەربەخۆ
# لەدایکبوونی دەوڵەتێکی جیاواز



د.چنار سەعد عەبدوڵڵا
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بیست دەوڵەت پێکهاتووە کە زۆرینەیان لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەدایك بوون. هەرچەند تەمەنی زۆر لەو دەوڵەتانە سەرووی سەد ساڵی تێپەڕاندووە، کەچی میللەتانیان تا بە ئەمڕۆش دەگات، بەدەست دوو گرفتی هاوبەش و سەرەکییەوە دەناڵێنن کە بریتین لە:

یەکەم: نادیموکراسی بوونی حکومەتەکانە، یاخود چەوسانەوەی پێکهاتەکانە لە ژێر ناوی زۆرینەی دیموکراسی.

دووەم: مامەڵە نەکردنێکی تەندروستە لەگەڵ ئەو فرەپێکهاتەییەی کە لە ناو ئەو وڵاتانەدا هەیە و بەو هۆیەوە شەڕ و ناکۆکی و ناسەقامگیری بەردەوامە.

جیاواز لەو نموونە باوانەی حوکمڕانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتی کوردستان بە ئەزموونێکی جیا و بەها و فەرهەنگێکی تایبەتەوە لە دایك دەبێ، کە هەم بۆ ناوچەکە تازەگەری دەبێ، هەمیش دەبێتە پاڵپشت و پشتیوانی ئەو کەمینە دەوڵەتانەی کە لە ناوچەکەدا خاوەن سیستمی دیموکراسین.

پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان، لەگەڵ ئازادبوونی ئەو بەشە لە ژێر دەستی حوکمڕانیی بەعس لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەستی پێکردووە. هەرچەندە ئەو پرۆسەیە بە باشی پێ نەگەیشتووە و گرفتی بە دامەزراوە بوونیشی هێشتا هەر ماوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە تازەیە لەوانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە دیموکراسییەت لە کوردستاندا بەر لە بە دەوڵەت بوونی دەستی پێ کردووە، واتا گەشەکردنی فەرهەنگی دیموکراسی بەر لە دروستبوونی دامەزراوەی دەوڵەت ڕوویداوە. کە دروستبوونی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی سیاسییە، هاوشێوەی ئەزموونی زۆر وڵاتی دیموکراسی لە جیهان، پرۆسەی دروستبوون و پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراتی لە کوردستان دوای بە دەوڵەت بوون خێراتر دەکات. ئەمەو لە کاتێکدا زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاش بە دەوڵەت بوون و لە غیابی فەرهەنگی دیموکراسی دەستیان بە مومارەسەی حوکمی دیموکراسی کردووە، کە بەشێکی زۆریان تاکو ئێستاش لە جێبەجێکردنی ئەو سیستمەدا سەرکەوتوو نەبوون.

لایەنێکی تری جیاواز و ئەرێنی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوەیە کە هەر لەگەڵ لەدایکبوونی ئەو دەوڵەتە، فەرهەنگێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدایك دەبێت، کە بریتییە لە فەرهەنگی یەکتر قبووڵکردن و پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان و ڕێزگرتن لە ماف و تایبەتمەندیی گشت پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی. دەوڵەمەندی کۆمەڵگەی کوردستان بەو بەهایە، وێڕای ئەوەی خزمەت بە سەقامگیری ناوخۆیی دەکات، پرەنسیپی مرۆڤدۆستی و ئەو دیموکراسییەتەش کە دوو دەیە دەستی پێکراوە، خێراتر گەشە پێ دەکات. هەر بۆیە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاوەڕوانی لە دایکبوونی دەوڵەتێکی بەهێزن.

# سەرئەنجام،
# ئیرادەی خەڵک سەردەکەوێت



**کاکەمین نەجار**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ماوەیەکە کوردستان سەرقاڵی پرۆسەیەکی سیاسی گەورەیەو، مشتومڕێکی گەرم لە نێوان هێزە سیاسیەکاندا سەبارەت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لە ئارادایە، بەتایبەتی لە دوای دانیشتنە پڕ کودەتاکەی **٢٣**ـی حوزەیران، کە هەوڵدانێك بوو بۆ تێکدانی ماڵی کورد، ئەو ماڵەی کە بە خوێنی شەهیدان هاتووەتە بەرهەم، کەچی لەو ڕۆژەدا لە جیاتی ئەوەی پەرلەمان ببێتە سەنتەری دڵنیایی و سەقامگیریی خەڵك، بووە دەرگایەك بۆ ڕق و کینە و هەوڵدان بۆ لەباربردنی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە ئەمڕۆ کوردستانی دروست کردووە، بە هەموو ویژدانێك، دەبێت بڵێین ئەوەیان دەرچوون بوو لە هەموو پرەنسیپەکانی سازان، کە بۆ ئێستای کورد لە هەموو کاتێك گرنگترە، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ کوردستان بە بارودۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت.

لەو سۆنگەوە، پەیامە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی، کە بە ڕۆحێکی نیشتمانپەروەرانە نووسرا، پڕبوو لە هەستکردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە ئێستاو ئاییندەی پڕۆسەی سیاسی، یان بوو بە دەروازەیەك بۆ گەڕانەوە بۆ لۆژیکی لەیەکتر تێگەیشتن و گەڕانەوە بۆ پرۆسەی دیالۆگ کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەیشتنە سەرئەنجامێك کە ببێتە مایەی هێوربوونەوەی بارودۆخەکەو ڕزگاربوون لەو قەیرانە سیاسیەی کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، بۆیە ئەگەر بێت و خاڵ بە خاڵ ئەو پەیامە بخوێنینەوە، بە ئاسانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێشتا ڕێگە ماوە لەبەردەم هێزە سیاسیەکان کە پێداچوونەوەیەك بکەن بۆ گەڕانەوە بە لۆژیکی عاقڵانە، کە دەبێتە مایەی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ماڵی کورد، کە لە هزری سەرۆك بارزانی لە هەموو شتێك گرنگترە.

لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئیرادەی خەڵك، چونکە بەبێ بوونی ئیرادەی خەڵك دیالۆگ لە پەرلەمان ئەنجامی نابێت، سەرۆك بارزانیش هەمیشە پشت ئەستوورە بە خەڵك، کە داوا دەکات سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆ پرەنسیپی سازان، بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەو دوور لە دەمارگرژیی و بەرژوەندی حزبی، چونکە ئەوەی ئێستا دەیبیستین ئەوەیە کە هەر هەموان لێپرسراوانە کاردەکەن بۆ گەیشتن بە خەونی لەمێژینەی کورد، کە خەونی سەربەخۆبوونە، ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ ئایندەی کورد کە خواستی گەورەی سەرۆك بارزانیە.

**جامیس راسل**

پسپۆڕ و تایبەتمەند لە سیاسەت و ئاسایشی دەوڵەتانی کەنداو بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش-یش تێکبشکێندرێت، ناتوانرێت رێگە لە دابەشبوونی عێراق بگرێت



پرۆفیسۆر جامیس ئەی راسڵ ئوستادی بەشی کاروباری ئاسایشی نەتەوەییە لە زانکۆی ناڤل پۆست گراجویەت سکول و وانەکانی کاروباری ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیرۆریزم و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی دەڵێتەوە. تایبەتمەند و پسپۆڕە لەسەر سیاسەت و ئاسایشی دەوڵەتانی کەنداو و ستراتیژیەتی ئاسایشی ئەمریکا - کەنداوی فارسی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تایبەتمەندە لەسەر پرسی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ و تیرۆریزم و سیاسەتی بەرگری. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو رەوشە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی رووبەڕووبوونەوەی جیهان بۆ ئەم ئاڵۆزییە، ئەم وتووێژە تایبەتمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە رایەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** ئەو بارودۆخەی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت، هەموو جیهانی دووچاری سەرسوڕمان کردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوای ئەوەی ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی لە دەستی رژێمە تۆتالیتارەکان رزگاریان بوو، لە بری ئەوەی بەرەو کرانەوە و دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرن، روویان لە ئایدیۆلۆژیەتی توندڕۆیی جیهادی ئیسلامی کرد، ئایا بۆچی ئەم ئاراستەیە بەو جۆرە پێچەوانە بووەوە؟**

- دەبێت بە وردی لەوە بڕوانین کە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا دەگوزەرێت و لەسەر هەریەکەشیان هەڵوەستە بکەین، ئەو تەحەددییە بەربڵاوەی دوچاری ئەو بنەماڵە و دەستەبژێرە سەربازی و ئەمنییە بۆتەوە کە لە دوای کۆتایی هاتنی کۆڵۆنیاڵیزمەوە حوکمڕانیی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردووە. تەحەددییەکی بنەڕەتییە. بۆ نموونە ئەوەی لە میسر و تونس ڕوو دەدات، هەروەها هەرەسهێنانی سووریا و خزانی بەرەو پشێوی و شەڕی ناوخۆ، بە هەمان شێوە ئەو ناڕەزایەتییانەی لە ئەردەن و تەنانەت لە کەنداویش هەیە. ئەو شەڕە ناوخۆییەی لە یەمەن و هەروەها سووریا و لیبیاش هەیە. ئەم شەڕانە لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت، لایەنە جیاوازەکان هەن کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی وڵات، یان کۆنترۆڵی سیستمی سیاسیی وڵاتەکە بکەن. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕکەرە ئیسلامییەکان باشترین ڕێکخستنیان بە بەراورد بەو لایەنانەی دیکە هەیە کە دەیانەوێت لەم ناوچەیە دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست، میسر باشترین نموونەیە. لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا لەلایەن جەمال عەبدولناسر و سەرۆکەکانی دوای ئەویش ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ناچار کراون بە پەنهانی کار بکەن، هەروەها ئایدیا بەدیلەکانی دیکەش دەرفەتی ئەوەیان نەبووە کە خۆیان ڕێکبخەن بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە ڕێکخراوێکی سیاسی گشتیدا گوزارشت لە خۆیان بکەن. دروستبوونی دیاردەی وەك داعش بەرهەڵستییەکە بۆ دەستەبژێری حوکمڕانەکانی پێشوو، کە تێکەڵەیەکە لە سەلەفیزمی جیهادیزم و لە نووسینەکانی سەید قوتب -دا گوزارشتی لێکراوە، ئەو بیروباوەڕە لە کتێبی «معالم فی الگریق» باس کراوە و ڕێگە دەدات بە موسڵمان بەوەی موسڵمانێکی دیکە بکوژێت، لەگەڵ پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان. ئەمە بیروبۆچوونی حەسەن بەننا بووە کە دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین بوو. کەواتە شەپۆلی ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەی گرتۆتەوە و دراماتیکیترین گوزارشتی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە لە سووریا و لیبیا و یەمەن و عێراق ڕوودەدات، بە دڵنیاییەوە ئەوەی لە ئێستادا لە عێراق دەگوزەرێت، لەبەریەك هەڵوەشانەوەی سیاسییە کە لە دوای داگیرکردنی عێراقەوە ڕووی دا و زەمینەیەکی لەباری ڕەخساندووە بۆ بەدیلی سیاسی بۆ حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، کە ئەمە لە شوێنێکی وەك پارێزگای ئەنباردا بەدی دەکەین، کە ئەو مافە سیاسییانە نەڕەخسێنران کە بەڵێن درابوون بە ناوچە نیمچە خێڵەکییەکان و بە سەرکردە نیمچە خێڵەکییەکان و هەڵبژاردنەکانیش لە عێراقدا مایەی لێکترازان بوون و ماوەی سەرۆکایەتی مالیکی -یش کارەساتێکی تەواو بوو کە کارێکی کرد پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی دژی یەکتر بوەستنەوە و دەوڵەتی عێراقیشی لەبەریەك هەڵوەشاند.

*** لەوەتەی تیرۆریستانی داعش دەوڵەتیان ڕاگەیاندووە، ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا گورزی ئاسمانییان لێدەوەشێنن، لەسەر زەویش شەڕیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ئەوان وا خۆیان نمایش دەکەن کە لە پێشان بەهێزترن، پرسیار ئەوەیە بۆچی هەوڵەکانی ئەمریکا سوودی نەبووە؟**

- بە بۆچونی من مەحاڵە ئەمریکا بتوانێت لە بەرزایی ٥٠ هەزار پێ سیاسەت لەسەر ئەرزی واقیع هەڵسووڕێنێت، ئەمە بۆ یەمەن و عێراق و هەروەها بۆ سووریاش ڕاستە، فڕین بەسەر خەڵکەکەدا و بۆردوومانکردن وەك ئەوەی فەرەنسا و بەریتانیا کردیان لە سەردەم و رۆژگاری کۆڵۆنیاڵیزمدا لە سەرەتای سەدەی بیستدا، ڕێگایەك نییە بۆ هەڵسووڕاندنی سیاسەتی ئەرزی واقیعی ئەو وڵاتانە. هەموو ئەو شەڕ و ناکۆکییانەی حاڵی حازر لە عێراق و سووریادا لە ئارادان، ناکۆکیی سیاسین، واتە هەوڵ و کۆششە بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسەت لەو ناوچەیەی ناکۆکی لەسەرە. کەواتە گورزی ئاسمانی نابێتە هۆی لە ناوبردنی دیاردەی داعش، چونکە ئەمە دیاردەیەکی سیاسییە. ڕاستە ئەوان خاکی زیاتر داگیر دەکەن، بەڵام بەلای منەوە ڕوون نییە کە ئەوەی پێی دەوترێت «پشتیوانی جەماوەری»، هێندە بەربڵاو بێت بۆ خەونە سیاسییەکانی داعش. ڕاشکاوانەتر واتە پشتیوانییەکی جەماوەری نییە بۆ گەڕانەوە بۆ مۆدێلی سەدەکانی ناوەڕاست، دەوڵەتی خەلافەت کە داعش پشتیوانی لێدەکات. بەڵام بەلای منەوە کەمینەیەك هەیە کە پشتیوانیان دەکەن. دیاردەی داعش، وەك سیاسەتی بزواندنی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی نوێیە، واتە کەسانێك هەن کە لە ناوچەکەدا ناژین، بەڵام کۆچ دەکەن بۆ ئەو شوێنەی کە ئاڵای داعشی تێدا هەڵکراوە. سۆشیال میدیاش بەکار دەهێندرێت بۆ هاندانی ئەو جیهادییانە. بە تێڕوانینی من ناکرێت چارەسەرەکە لەلایەن رۆژئاواوە بسەپێندرێت و ناکرێت لە ڕێی بۆردوومانکردنی ئەو خەڵکانەوە بسەپێندرێت و بۆردوومانکردن ئەو خەڵکانە تووڕە دەکات و چارەسەر نییە بۆ کێشە سیاسییەکە. داعش دیاردەیەکی کورتخایەنە و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە کە لە سەر بنەمای دڵسۆزی و پشتیوانییەکی جەماوەری بەربڵاو دروست بووبێت، بەڵکو ئەوان خاك داگیر دەکەن و بە زەبری لوولەی تفەنگ و شمشێر و ترساندنی خەڵك حوکمڕانی دەکەن، ئەمەش مایەی سەرکەوتنێکی

**کاتێک من لە خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانم، دەبینم ئەم خەڵکە نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خەلافەت و ئەوان لەگەڵ ئەو تاوانانەدا نین کە لەلایەن داعشەوە دژ بە خەڵک دەکرێن**

**هاوڕاییەک هەیە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەگەر پێویست بە بەکارهێنانی هێزیش بکات، هەروەها پیشمەرگەش وەک تاکە هێزێکی تۆکمە دەرکەوتن کە توانای شەڕکردن و بەرنگاربوونەوەی داعشیان هەبێت**

**داعش دیاردەیەکی کورتخایەنە و ڕێکخراوێکی سیاسی نییە کە لە سەر بنەمای دڵسۆزی و پشتیوانییەکی جەماوەری بەربڵاو دروست بووبێت، بەڵکو ئەوان خاک داگیر دەکەن و بە زەبری لوولەی تفەنگ و شمشێر و ترساندنی خەڵک حوکمڕانی دەکەن، ئەمەش مایەی سەرکەوتنێکی درێژخایەن نییە**

**مەحاڵە ئەمریکا بتوانێت لە بەرزایی ٥٠ هەزار پێ سیاسەت لەسەر ئەرزی واقیع هەڵسوورێنێت**

**شەپۆلی ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەی گرتۆتەوە و دراماتیکیترین گوزارشتی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە لە سووریا و لیبیا و یەمەن و عێراق ڕوودەدات**

**دروستبوونی دیاردەی وەک داعش بەرهەڵستییەکە بۆ دەستەبژێری حوکمڕانەکانی پێشوو، کە تێکەڵەیەکە لە سەلەفیزمی جیهادیزم و لە نووسینەکانی سەید قوتب -دا گوزارشتی لێکراوە**

درێژخایەن نییە. لە ڕۆژگاری ئێستادا دەبێت خەڵکی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەی سیاسی هەبێت و دەبێت ئازادی هەڵبژاردنی ئەو حکومەتەیان هەبێت کە حوکمڕانییان دەکات و نابێت بە شێوەی ناچاری بەسەریاندا بسەپێندرێت بە چەشنی ئەوەی داعش دەیکات. واتە ڕوون نییە بۆ من کە بۆردوومانکردنی داعش ببێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە سیاسییە بەربڵاوەی لەسەر دەسەڵات لە ناوچەکەدا دەکرێت.

*** ئەو ترس و تۆقاندنەی ئێستا داعش لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی پیادەی دەکات، ئێستا خەریکە دەیگوازێتەوە بۆ دەرەوە، ئەم ڕەفتارەی داعش چ پەیامێك ئاراستەی جیهان دەکات؟**

- ئەو هێرشە جیهادییانەی لەو شوێنانەی وەك تونس و کوەیت و فەرەنسا کران، نیشانەی ئیسلامێکی توندڕەوی شەڕانین کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدان، کە بە چەشنی ڕێکخراوەکانی پێش خۆیان لە ڕابردوودا دەیانەوێت لە ڕێی هێرشکردنە سەر مەدەنییەکانەوە خەڵك بترسێنن و سەرنج بۆ لای کێشەکەیان ڕابکێشن. مایەی دڵتەنگییە دەبینین ئەو کەسانە دەکوژرێن بەهۆی توندوتیژییەکەوە کە هۆکار و پاڵنەری سیاسی لە پشتە. ئەمریکاش ناتوانێت چارەسەری دیاردەی داعش بکات و بەدڵنیاییەوە ناتوانێت لە ڕێی بۆردوومانکردنی داعشەوە چارەسەری بکات. بەڵکو ئەمە ناکۆکییەکی سیاسییە کە دەبێت لە لایەن خەڵکی ناوچەکە خۆیانەوە چارەسەر بکرێت. دەبێت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان بەرپرسیارێتی بگرنەئەستۆ و جیاوازییە سیاسییەکانیان چارەسەر بکەن. ئەگەر دەتوانن، ئەگەر ناشتوانن ئەوا دەبێت چەك هەڵبگرن و لەو ڕێیەوە ئەجێندای سیاسیی خۆیان جێبەجێ بکەن کە لە ئێستادا ئەمە دەگوزەرێت. ئومێد دەکەم لایەنە میانڕەوەکان لەم شەڕەدا سەرکەوتوو بن و دەبێت ئەمریکا ئامادە بێت بۆ پشتیوانیکردنی ئەو خەڵکە میانڕەوانە کە ئەجێندایەکی سیاسیی میانڕەوەیان هەیە و دەیانەوێت شەڕەکە ببەنەوە بۆ ئەوەی سەقامگیرییەکی سیاسی ناوخۆیی بەرپا بکەن.

*** ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا لە سەدا ٣٠ی خاکی ئەم وڵاتە، کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی موسڵ و ئەنبار، لەلایەن داعشەوە داگیر کراون و دەوڵەتیان تێیدا دامەزراندووە، ئەمەش هەرێمی کوردستانی لە بەغدا دابڕیوە و بەو مانایە دێت کە حکومەتی بەغدا بە شێوەیەکی عەمەلی بۆتە حکومەتی شیعەکان. پرسیارەکە ئەوەیە تا تا چ ڕادەیەك عێراق لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دابەش بووە، تەنانەت ئەگەر هاتوو داعشیش تێکشکێندرا؟**

- من بە تەواوەتی هاوڕام لە گەڵتاندا و پێمان خۆش بێت، یان نا، ئەمریکاش لەمەدا ڕۆڵی بینیوە و ئێستا عێراق بە پراکتیکی لەبەر یەك هەڵوەشاوە و دابەش بووە. تەنانەت هەتا داعشیش نەمێنێت، ئەم دابەشبوونە بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی حکومەتی بەغدا ناتوانێت کێشەکان بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکات.

*** پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە بابەتی گەرمی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە لە ڕۆژئاوا، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە پشتیوانی ئەم پرسە ناکرێت، بۆچوونتان لە سەر ئەم پرسە چییە؟**

-هاوڕاییەك هەیە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و تەنانەت ئەگەر پێویست بە بەکارهێنانی هێزیش بکات، هەروەها پێشمەرگەش وەك تاکە هێزێکی تۆکمە دەرکەوتن کە توانای شەڕکردن و بەرنگاربوونەوەی داعشیان هەبێت، کەواتە وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە کە دەکرێت هەمووومان هاوڕابین لەسەر ئەوەی مۆدێلی کوردستان لە شوێنەکانی دیکەش پیادە بکرێت کە خاوەنی قەوارەیەکی حوکمڕانییە و دەتوانێت لە ئاشتیدا لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا بژیێت و لە ڕووی ئابوورییەوە ئاوێتەبێت لەگەڵیاندا. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەشێت دەوڵەتی کوردستان ببێتە هۆکاریکی باش بۆ تێکشکاندنی داعش.

***بەڵام بەشێکی زۆری شارەزایان ڕەشبینن لە بەرامبەر تیکشکاندنی داعش لە ڕووی**



**هزرییـــەوە، لەبـــەر ئەوەی ســـەرچاوەی هـــزری داعش ســـەلەفیزمی جیهادییە، کە خۆڕســـکانە لە ناوچەکەدا گەشـــەی کردووە. ئایا دەکرێت داعش لە رووی فیکرییەوە تێکبشکێندرێت؟**

-لەسەر ئەم پرسە هەواڵی خۆش و هەواڵی ناخۆش هەیە، هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە ناتوانیت لەگەڵ توندڕەوە سیاسییەکاندا گفتوگـــۆ بکەیـــت، بەتایبەتی لە حاڵەتـــی بوونی گرووپێکی لەم چەشـــنەی داعش کە بەو شـــێوەیە ئایین و سیاســـەتی تێکەڵ کردبێت، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانیت گفتوگـــۆی لەگەڵـــدا بکەیـــت و بگەیتـــە ڕێککەوتن لەگەڵیدا، ئەوان بایەخ بە گفتوگۆ نادەن و تەنیا دەیانەوێت بۆ ســـەرکەوتنیان توندوتیژی بەکاربهێنـــن، لەهەمانکاتدا هەواڵە خۆشـــەکەش ئەوەیە کـــە ئایدیۆلۆژیای توندڕەوی تەنها دەتواندرێت لە ڕێی بەکارهێنانی هێز و ناچارکردنەوە بسەپێندرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە پارتە توندڕەوەکان، یان ئەوانەی پشـــتیوانی ئەو بۆچوونـــە توندڕەوانە دەکەن، ناتوانن پشـــتیوانییەکی بەربڵاو بەدەست بێنن، کاتێك من لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەڕوانـــم، دەبینم ئەم خەڵکـــە نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ســـەردەمی خەلافەت و ئـــەوان لەگەڵ ئەو تاوانانەدا نین کە لەلایەن داعشـــەوە دژ بە خەڵك دەکرێن، وەك هەڵدانی کەســـانێك لەسەر باڵەخانەیەکەوە، یان ســـەرپەڕاندن و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لەلایەن داعشـــەوە، ئەوانە لە کۆمەڵگەی مۆدێرنـــدا جێیان نابێتەوە و پێموایـــە لەلایـــەن خەڵکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتەوە ڕەتدەکرێنەوە.

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕکەرە ئیسلامییەکان باشترین ڕێکخستنیان بە بەراورد بەو لایەنانەی دیکە هەیە کە دەیانەوێت لەم ناوچەیە دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست**



# با بە پەتەکەی ملمانەوە ململانێ بۆ سبەینێ نەکەین



پ. جەمال رەسول محەمەدئەمین*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە درێژایی مێژوو وەك بەشـێك لە فەلسەفەی مانەوەو بەردەوامیی، کەسـان و کۆمەڵگاکان لە ململانێیەکی بەردەوامـدا بـوون و تەنیا بە سـیما و شـێواز نەبێت جیاوازییەکی وای نەبووە لەگەڵ یاساکانی جەنگەڵ.

ئەوەی کۆمەڵگاکان جیا دەکاتەوە لەوانیتر، توانسـتی بەگەڕخسـتنی تاکتیکـی جیاواز بووە کـە بەهۆیەوە کۆمەڵگایەکیـان پارچە پارچە کـردووە هەتا مامەڵەو دەستبەسـەراگرتنی پارچـەکان ئاسـانتر بێت. ئەم سیاسـەتەش بە سیاسەتی (فرق تسـد)ی داگیرکەران ناسراوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە بەربەرەکانێی ئەم تاکتیکەدا، ئەو شێوازەیە کە ئایرلەندیەکان گرتیانەبەر بۆ بەرهەڵستی بەریتانیاو هەوڵی هێشتنەوەی وڵاتەکەیان لە ژێر باڵی بەریتانیـادا کە لەو ٢٥ تا ٣٠ سـاڵەدا کە لە بەریتانیا ژیام، بەئاشکرا دەبینرا چۆن باڵی سیاسی ئایرلەندیەکان لە ژێر سەرۆکایەتی شنفەین دا بە ئاشکراو لە ڕێگای سیستمی سیاسی بەریتانیاوە بەرگرییان لە خواستەکانی ئایرلەندیەکان دەکردو باڵی سەربازیی شاراوەکەیان لە ژێر ناوی 'IRA' زۆر بەهێزەوە بەرگرییان لە خواسـتەکانیان دەکرد. ئەم دووباڵە بەشێوازێك کارەکانیان ڕێك خستبوو کە بەریتانیا بەو سیستمە تۆکمەو ئەزموونە دەوڵەمەندەیەوە هەرگیز سـەرکەوتوو نەبوون بیسەلمێنن کە ئەم دووباڵە هاوکاری یەکترین لە کاتێکدا بە نهێنی هاوکاری تەواوی یەکتری بـوون. ئەم هاوکاریە بلیمەتانەی دووباڵەکە بە ڕووکەشە جیاوازەکەی بزووتنەوەی ڕزگاریی ئایرلەندەی سەروو، چۆکی بە سیستمی بەریتانی داو ناچاری کردن کە لە حکومڕانیی 'تۆنی بلێر'دا دانوسـتاندنی لایەنە پێوەندیدارەکان بە ئاشکرا و بەگەرمی دەست پێبکەن.

بە بەراورد، لـە هەر چەمکێکەوە هەڵسـەنگاندن بۆ بارودۆخی کوردسـتانەکەمان بکرێت، کوردستانیان بە درێژایـی مێژوو خۆمان و خاك و ئاسـمانمان جار لە دوای جار کراونەتە ئامانجی نۆکەرانی ئاغای گەورەتر لـە خۆیان و ئێمەش وەك سـواڵکەر هیچ بژاردەیەکمان نەبووە، ئەوە نەبێت سـەرمان بە پەتەکانیانەوە بکەین و بە پەتەکەی ملمانەوە ململانێ لەگەڵ یەکتردا بکەین، زۆرجـار لەبەر هۆی وا کە هیچ قەپانێك نەیخوێنێتەوە. وادیـارە کە ئاسـانتربێت لە لەجیاتی ئـەوەی هەوڵی پچڕاندنـی پەتەکـەی ملمان بکەین، بـە پەتەکەی ملمانەوە ململانێ بۆ سبەینێ بکەین!

هیچ لەوەدا نەماوە شـاراوەبێت کە عێراقی بە زۆرەملێ

دروستکراو، پاش نزیکەی سەد ساڵ وێرانەیی، وڵاتێکی ڕووخاوەو هەر وەك دراوسێ نەوسنەکانمان ئەو ڕاستیە باش دەزانن، هەر یەك لە گۆشەی خۆیەوە هەوڵی پچڕینی بەشێك لە لاشە تۆپاوەکەی دەدات. هەروەك لە دروستکردنی عێراقدا بەریتانیا بەشە کوردستانەکەی ئێمەی وەك بەخشیش لکاند بە عەرەبی عێراقەوە، هیوادارم ئەمەریکا خەونەکانمان لەگۆڕ نەنێت بەرانبەر چەکە ناوەکیەکەی ئێران ئەگەر هاتووهووتەکەشی گەمەیەکی سیاسی بێت یان نا.

ئەوەی جێگای داخە، دەبینرێت کە سەرباری گشت ئەم دەستکەوتە پیرۆزانەی کە باڵە سەرەکیە سیاسیەکانی کوردستان هەتا ئێستا بەدەستیان هێناوە یان بە دەست هاتوون، وەك ئایرلەندیەکان سەرکەوتوو نەبوون لە ڕاگرتنی تەرازووی سیاسی ناوچەکە کە لە داعیشی سوونەو داعیشی شیعەو ئەمیرەکانی عەرەبستان و بەچکە سوڵتانەکانیان کە هەر لایەنەی دوای مەرامی خۆی کەوتووە لە سەر بەرژەوەندی ئێمەو لایەنەکانی تر. هەرچەندەش ئاشکرایە کە کێشەی کوردستان ژەنگاویتر و قووڵترە لەوەی ئایرلەندە، جێگای نیگەرانیە کە وەک دەبینرێت، بە بەردەوامی بەشێکی دیاری توانستەکوردستانیەکان لە ململانێی ناوخۆییدا بە فیڕۆ دەدرێت، هەرچەندە بە فیڕۆدان وشەیەکی کەم بێت بۆ ئەو پێناسەیە.

دیسانەوە، لەم بارودۆخە ناهەموارەدا، وەک لە میدیاکاندا دەبیستریێتەوە کێشەی هەرێم تەنیا لەوەدا خۆی دەگرێتەوە کە کێ سەرۆکی هەرێم بێت و کێ سەرۆکی هەرێم نەبێت. گشت ئەو پلانانەی کە مالیکی و فەتلاوی و شاهرستانی و دەستوپێوەندکانیان ماوەی دووساڵە بە شێوازی جیا جیا هەوڵی تێکشکاندنی ڕیزی کوردی دەدەن بە یارمەتیدانی داعشیە سوننەکان بە چەک و بە پارە و بە بار قورس کردنی هەرێم بەڕاو نانی یەک ملیۆن و نیو هاووڵاتی کە خۆیان بەرپرسن لێیان بۆ داڵدەدانیان لە هەرێم، بە بێ پشتگیری و ڕاگرتنی بەشە بووجەی هەرێم لە عێراق لە ژێر پاساوی جۆراوجۆردا لە کاتێکدا تەنانەت پشتگیری پاککردنەوەی کۆڵانەکانی مووسڵ بەردەوامە لە ژێر ئاڵای داعیشی سوونەدا نەمانتوانیوە یەک دەنگ بین لە پچڕاندنی پەتەکەی ملمان. لە کاتێکدا کە داعیشی سوننە بە تۆقاندن کاردەکەن، داعیشی شیعە بە هێواشی و بە شێوازی جیاجیا باڵی بەسەر وڵاتاندا گرتووە.

یەکێك لە بەربەستە هەرە سەرەکیەکانی پێشکەوتن و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی داهێنەرو پێشکەوتوو کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی نییانە، بەستراوە بە شێوازی حکومڕانی و پێوەندی حکومەت و تاك. بە شێوازێکی ڕوونتر، لە وڵاتانی پێشکەوتوو، سەروەریی تاك پارێزراوەو حکومەتەکانیان خزمەتگوزارن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبەردەوامی کار بۆ سەروەری حکومەتەکان دەکرێت و سەروەری تاك پێشێل دەکرێت وئەوان خزمەتگوزارن. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە جیاوازی بەینی سیستمی پەرلەمانتاری لەگەڵ سیستمی سەرۆکایەتی بکرێت و ئەگەر پەرلەمانتاران ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگاوە هەڵبژاردەیان بۆ بکرایە، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنکاری، ئەوا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە، هەڵبژاردەی کۆمەڵگا دەبوو. بەڵام ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات، لایەنە سیاسیەکان بە هەر شێوازێك بێت، نوێنەرەکانیان دەخزێننە پەرلەمانەوە کە لەگەڵ ڕێزدا بۆ پیرۆزی ئەو پۆستە، هەندێکیان لە پەرلەمانن هەتا پێیان بوترێت کەی دەستیان بەرز بکەنەوە و کەی دەستیان بەرز نەکەنەوە. هەندێکیان بەبێ هیچ چالاکیەکی بەرچاو، خولەکەی خۆیان بەسەر دەبەن. بۆ ئەم هۆیانەش، لەو بژاردەیەدا کە سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگاوە دەنگی بۆ بدرێت، باشتر نوێنەری کۆمەڵگا دەبێت. تەنانەت بەدەستهێنانی دەنگی کۆمەڵگا زۆر گرانتر دەبێت لە بەدەستهێنانی دەنگی دروستکراو بۆ پارلەمانتارێك.

مێژوو زۆر دەوڵەمەندە لە نمونەی ئەنجامی ململانێی ناوخۆیی و هەرگیز لەماڵوێرانی زیاتر هیچی کەی ئەنجام نەبووە. لە ڕاپۆرتێکدا کە لەم ڕۆژانەدا خوێندمەوە، خانمە پرۆفیسۆرێکی سودانی هێندە لە ململانێی لایەنە سیاسیەکانی وڵاتەکەی بێ هیوا بووە، بە ئاشکرا پێشنیاری گەڕانەوەی ئیستیعمار دەکات بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان. هەرچەندە سیناریۆیەکی لەو بابەتە لەوانەیە زۆر باش و نزیك بێت بۆ عێراق بەڵام هیوادارم کوردستان خۆی لەوە بە دووربگرێت بە پاراستنی یەکڕیزی لە کێشە نیشتمانیەکاندا.

با کوردستان توانستە زانستی و دیپلۆماسیەکانی بەگەڕ بخات لە هێنانەکایەی سیستمێکی حکومڕانیی گشتگیر و سەروەری تاك و کۆمەڵگا و سەرلەنوێ بنیادنانەوەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و لە یەك جیاکردنەوەی ئایین و حوکمڕانی و ئابووریەکی هەمەلایەنەو گرنگی بدات بە بوارەکانی پێتروکیمیاوی و پیشەسازیە کشتوکاڵیەکان وەك سەر لیستی پیشەسازییەکی دیکە.

---

*** ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**داعیشی سوننە بە تۆقاندن کاردەکەن، داعیشی شیعە بە هێواشی و بە شێوازی جیاجیا باڵی بەسەر وڵاتاندا گرتووە**

**کێشەی کوردستان ژەنگاویتر و قووڵترە لەوەی ئایرلەندە، جێگای نیگەرانیە کە وەک دەبینرێت، بە بەردەوامی بەشێکی دیاری توانستەکوردستانیەکان لە ململانێی ناوخۆییدا بە فیڕۆ دەدرێت**




# گەندەڵیی حکومەتی عێراق گەیشتۆتە ئاستێک هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی نەوەکانی داهاتووش دروست دەکات

# crru



**سەرۆک کۆماری عێراق ٥٩٣٧ پاسەوانی هەیە واتا بارتەقای (٨) فەوج دەبن، کە تێچووی هەر فەوجێک زیاتر لە (٣) ترلیۆن دینارە**

**بڕی ٢٥٠ ملیۆن دینار بۆ خوانی بەربانگی کاربەدەستانی حکومەت و پەرلەمان تەنیا لە یەک ڕۆژدا خەرجکراوە، ئەو خوانە بەربانگەی کە بەرپرسانی حکوومی و پەرلەمان ئامادەی بوون، ئەوان لەسەر حیسابی دەوڵەت ئەو بڕە پارەیەیان تەنیا بۆ یەک ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بە تاڵان بردووە**

**ڕاپۆرتی گوڵان - بەغدا**

**بڵاوبوونەوەی دۆسیێکانی گەندەڵی لە عێراق لە ئەنجامی گوێڕایەڵ نەبوون بۆ بنەما توندوتۆڵەکان و لێ نەپێچانەوە و بەدوادانەچوون و ناڕاستگۆیی و ناپرۆفیشناڵییەت بۆ دۆسیێکان هێشتا هەر بەردەوامە و هەموو کایەکانی وڵاتی گرتۆتەوە**

**بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست لایەنەکانی چاودێریی دارایی کەوتوون لە مەڵبەندی هەواڵگریی نیشتمانییەوە، ٣٤٣ فەرمانبەر و خانەنشینکراو کە هاوکاریی داعش دەکەن بە شێوەیەکی ڕێک و پێک مانگانە مووچەکانیان لە حکومەتی عێراقی وەردەگرن**

وەنەبێ دیاردەی گەندەڵی لە عێراق حاڵەتێکی جودا و سەمەرە بێت، بەڵکو بۆتە دیاردەیەکی چەسپاو و بەردەوامی ڕۆژانەی حکومەت و دەزگاکانی، بەتایبەتیش کە دەسەڵاتداران و سەرکردەکانی ئەو وڵاتە زیاتر تێوەی گلاون، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە شێواز و ڕێچکە و هۆکارەکانی زۆر جیاوازە، ئەوەی زیاتر عێراق لە وڵاتانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەو گەندەڵییە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئەمنی، ئیداری، پەروەردەیی، بازرگانی و پیشەسازی و .. تاد گرتۆتەوە. لەبەرامبەردا هەموو لایەك دان بە بوونی ئەو گەندەڵییانەدا دەنێن و دامەزراوە و ڕێکخراوە حکومییەکانیش بەردەوام یەکتر تۆمەتبار دەکەن. لەکاتێکدا میللەت بە دەست کاریگەرییەکانی تایفەگەری و هەرەسهێنانی ڕەوشی ئابووری و قوربانیدانی بەردەوام لە ئاکامی ململانێ و کردەوەکانی توندوتیژی دەناڵێنن، بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزرێتەوە.

## تەشەنەکردنی گەندەڵی بەردەوامە و هەڕەشە لە دەستکەوتەکان دەکات

کێشەی بڵاوبوونەوەی دۆسیێکانی گەندەڵی لە عێراق لە ئەنجامی گوێڕایەڵ نەبوون بۆ بنەما توندوتۆڵەکان و لێ نەپێچانەوە و بەدوادانەچوون و ناڕاستگۆیی و ناپرۆفیشناڵییەت بۆ دۆسیێکان هێشتا هەر بەردەوامە و هەموو کایەکانی وڵاتی گرتۆتەوە. لەوانە بنیادنانەوەی ژێرخان کە پێویستی بە چەندین ملیۆن دۆلار هەیە، هەروەها گەڕاندنەوەی سیاسەتی بازرگانی و پرۆسەی هاوردە و هەناردە و کاروباری تەندروستی و پەروەردە، لە چوارچێوەی کەلتوورێکی نزمی بەکاربردن کە ڕۆژانە لەگەڵ بەرزبوونەوەی توانای کڕینی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق فراوانتر دەبێت. لە پاڵ ئەمەشدا دەبینین سێ دەوڵەت، ئابووریی عێراقیان قۆرخکردووە کە بریتین لە ئێران و تورکیا و چین، هەموو کاڵاکانی ئەو وڵاتانەش هیچ چاودێری و سانسۆرێکیان لەسەر نییە و ئابووریی عێراقیان پێ ڕاست نابێتەوە.

## دانپێدانی فەرمی

هەموو لایەنە حکوومی و پەرلەمانی و بازرگانییەکان و گشت توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەش دان بەوەدا دەنێن کە گەندەڵی هەموو جومگە و کایەکانی عێراقی تەنیوە، بازاڕیش تەنیا بۆ چەند بەرهەمێکی خراپ و لاساییکەرەوە و قەڵپ قۆرخکراوە کە کارگەکانی چین و تورکیا و ئێران بە کۆمەڵ دەیخەنە بازاڕەوە لە چوارچێوەی نەبوونی یاسا و ڕێسای بازرگانی کە مافی بەکاربەر زامن بکات، هەر ئەمەشە کە بۆتە هۆی گەیاندنی زیانێکی زۆر بە ئابووریی وڵات کە بە بلیۆنەها دۆلار مەزەندە دەکرێت. ئەمە سەرباری ئەو زیانە تەندروستییانەی بە خەڵکەکە دەگات کە دەگاتە ئاستی نەخۆشییە ترسناکەکانی وەك شێرپەنجە. کاریگەریی ئەم دیاردەی گەندەڵییە لایەنی سیاسی و ئیداریشی لە عێراق گرتۆتەوە کە تەنانەت شکستی بە بەرنامەی یەکێتیی ئەورووپاش هێناوە کاتێ دەرکەوت کە بڕی ١٧ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ بواری پەروەردە و خوێندن تەرخانکراوە، کەچی هیچی لێ خەرج نەکراوە!

دۆسیێکانی گەندەڵی هەمەجۆر و فرەچەشنن کە لە ئێستادا زۆربەیان خراونەتە بەردەم دادگاوە، لەوانەش دزینی پارەی حکومەت لەلایەن گەورە بەرپرسان و فرتوفێڵ و ساختەکاری لە گرێبەست و مامەڵەی بازرگانی، تا ئێستاش هیچ لەو دۆسیێیانە یەکلایی نەکراونەتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا هاووڵاتییەکی سڤیلی بێ پشت و پەنا یاسا و ڕێساکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ. ئەوانەی لە دەستەی دەستپاکیدان دان بەوەدا دەنێن کە زۆربەی ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون بەرپرس و خاوەن دەسەڵاتن.

## بەڵگەی هەمەجۆر و داوای یاسایی یەکلایی نەبۆتەوە

دەستەی دەستپاکی داوا لە پشکێنەری وەزارەتی پەروەردە دەکات کە بەرابییەکانی پەڕاوی لێکۆڵینەوەی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی بۆ بنێرێت، بە پێی ئەو پڕۆژەیەی کە پێشکەشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی کردووە لە چوارچێوەی پلانی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بانکی دارولسەلام لە بەغدا ڕایگەیاندووە کە لە چەند پڕۆژەی خەیاڵیدا ٢٥٠ ملیۆن دۆلار دیار نەماوە و دزراوە، لە کاتێکدا کە بڕی ٢٥٠ ملیۆن دینار بۆ خوانی بەربانگی کاربەدەستانی حکومەت و پەرلەمان تەنیا لە یەك ڕۆژدا خەرجکراوە، ئەو خوانە بەربانگەی کە بەرپرسانی حکوومی و پەرلەمان ئامادەی بوون و ئەوان لەسەر حیسابی دەوڵەت ئەو بڕە پارەیان تەنیا بۆ یەك ڕۆژی مانگی ڕەمەزان بە تاڵان بردووە!

ئەمە وێڕای ٧٥٠ چەکداری (بن دیوار) کە پاسەوانی گەورە بەرپرسێکی سوپای عێراقییە کە مانگانە کۆی مووچەیان ٧٥٠ ملیۆن دینارە.

## پوختەیەکی دۆسیێکانی کەڵەکەبووی گەندەڵی

پەرلەمانتار ئەحمەد چەلەبی بە دەستەی دەستپاکی ڕاگەیاندووە کە وەزیری کشتوکاڵ و بریکاری ئیداری و دارایی تێوەگلاون لە هاوردەکردنی فڕۆکەی کشتوکاڵی لە کۆمپانیایەکی فەڕەنسی کە لە ئەفریقا کاردەکات، بەڵام لەگەڵ ئەو مواسەفاتانە نەگونجاوە کە بۆ ئەو جۆرە فڕۆکە و ئیش و کارەکانیان پێویستە. سەرۆك کۆماری عێراق ٥٩٣٧ پاسەوانی هەیە واتا بارتەقای (٨) فەوج دەبن، کە تێچووی هەر فەوجێك زیاتر لە (٣) ترلیۆن دینارە. لە کاتێکدا کە لەهەر پۆلیس، یان

سەربازێکی مووچەخۆری حکومەت مانگانە ١٢٥ هەزار دینار دەبردرێت بە بیانووی دابینکردنی خۆراکی رۆژانە. لەلایەکی دیکەوە ٢٠٠ هەزار تەن یۆریا و ٥٠ هەزار تەن سـۆیای پیسبوو بە تیشك لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە دەوڵەتـی قەتـەرەوە هاوردەکراوەن، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەی تەواونەکراوە لەوەی کە ئایا ئەم پیسبوونە بە هۆی نەزانین، یان گەندەڵی، یاخود بەئەنقەست بووە، ئەو ماددانەی باسمانکردوون لـە چاندنی بەروبوومی کشـتوکاڵدا بەکاردەهێندرێن، ئایـا هاووڵاتیان گوناهیان چییە ئەگەر بە هۆی بەکارهێنانی ئەو ماددە ژەهراوییانە لە کشـتوکاڵدا بەرهەمی خـراپ و ژەهراوی بخۆن و لە ئاکامدا دووچاری شـێرپەنجە و جۆرەها نەخۆشی دیکە ببن.

**■ کارساتەکە بەردەوامە و گەلیش هەر پێوەی دەناڵێت**

دیمەنێکـی دیکەی تراژیـدی لەوەدایە کە بە سـەدان کەس لە نۆرەی نەخۆشـخانەکاندا دەوەستن بۆ وەرگرتنی چارەسـەر و داودەرمان لە کاتێکدا کە پلەکانی گەرما لە سـەرووی ٤٦ی سەدیدایە، بەڵام لەوەش کارەساتتر ئەوەیە کە لەسـایەی دەسـتگرتن بە خەرجییەکانەوە دەبینین کە پەرلەمانی عێـراق بەمە پابەند نابێت و لەگەڵ مەینەتی و کێشـەو چەرمەسەریی گەلدا نییە، کاتێ دەبینین بریار دەدات بری ٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەی بینایەی پەرلەمان خەرج بکات، وەك بڵێی پەرلەمانتاران لە سەرجادە دانیشـتبن! چاوەڕیی ئەوە ناکەن کـە ئەم قەیرانە داراییە کۆتایی بێت ئینجا ئەگەر پێویست بوو ئەو نۆژەنکردنەوەیە ئەنجام بدرێت.

**■ بەڵگەنامە فەرمییەکان**

پەرلەمانتـار ئەحمەد چەلەبـی بەڵگەنامەیەکی فەرمی بۆ لایەنەکانـی چاودێری ناردووە، تێیدا باس لەوە دەکات کـە باڵیۆزخانەی عێراق لە پۆڵەنـدا مانگانە ٢٠ هەزار دۆلار بە بیانووی کرێ خەرجدەکات، لە کاتێکدا بینایەکی تایبەت و بەتاڵ هەیە بۆ باڵیۆزخانەکە کە موڵکی خودی عێراقە، هەروەها چەندین کەس لە خزمانی بەرپرسـان و سیاسەتوانان دامەزراون، لەوانە کورێکی حەسەن ئەلسنێد لە باڵیۆزخانەی عێراق لە فەرەنسـا و کورێکی دیکەشی لـە باڵیۆزخانەی عێراق لە کوێت، هـاوکات دەبینین کە خوزەیر ئەلخوزاعی جێگری پێشـووی سەرۆك کۆمار بۆ چوونە عومرە لەگەڵ هاوسـەرەکەی فڕۆکەیەکی تایبەت لە سعودیە بەکرێ دەگرێت!

**■ مووچەی تیرۆریستانی داعش راستەوخۆ لە حکومەتی عێراقەوە!**

لیسـتێك بە ناوی ٣٤٣ فەرمانبەر و خانەنشـینکراو کە هاوکاریی داعش دەکەن بڵاوکراوەتەوە کە بە شـێوەیەکی رێك و پێك مانگانە مووچەکانیان لە حکومەتی عێراقەوە



سەرفکردنی ٢٥٠ ملیۆن دینار بۆ خوانێکی بەربانگ

وەردەگرن، ئەو بەڵگەنامانەی دەست لایەنەکانی چاودێریی داراییی کەوتوون لە مەڵبەندی هەواڵگریی نیشـتمانییەوە دەیسـەلمێنن کە ئەو لیسـتە ناوە لە ریزی داعشدان، یان هاوکاریانـن، کەچی مووچەکانیشـیان وەردەگرن. کۆپی ئەم بەڵگەنامانەش دراوەتە نووسـینگەی حەیدەر عەبادی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**■ لە کۆتاییدا. چارە چییە؟**

ئـەم نموونـە بچووك و سـادانە رەنگدانەوەی دۆسـێی فرەجۆرەکانـی گەندەڵین لـە عێراقدا، لـە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوە لەم دۆسـێیانە، یان سـتە، یان هەر ناکرێت و گوێی پـێ نادرێت. ئەم وڵاتە لە جیاتی ئاوڕدانەوە لە ژێرخانی داتەپیو و هەرەسـهێنانی بنیادنان و ئابووری و ئاوەدانکردنەوە، سـامانەکەی بەهەدەر و تاڵان دەبرێت، لە کاتێکدا گەل پێویسـتی بە بنیادنانەوە و نۆژەنکردنەوەی سـەدان قوتابخانـە و نەخۆشـخانەیە کـە پێویسـتی رۆژانەیانە.

لە وڵاتانی جیهان تەکنەلۆژیا و پێشـکەوتن لە خزمەتی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەکاندایـە و رەوش گوزەرانیان باش دەکرێت و ژیانێکی بەختەوەر و پڕ لە دەستکەوت و داهێنانیان بۆ دابین دەکرێت، کەچی لە عێراقدا قۆرخکردنی پێگە و پۆستە باڵاکان بەمەبەستی دەستکەوتنی پارە و سامانێکی زۆر لەسـەر حیسابی هاووڵاتیانی سـڤیل و سادە، بووتە ئەمری واقیع. بە پێی راپۆرتێکی رێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتیش، عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ بە دووەم دەوڵەت دێت دوای سۆماڵ لە رووی گەندەڵی دارایی و ئیدارییەوە.

**٢٠٠ هەزار تەن یۆریا و ٥٠ هەزار تەن سۆیای پیسبوو بە تیشک لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە لە دەوڵەتی قەتەرەوە هاوردەکراون**



## پرۆفیسۆر ئانا گیفمان

پسپۆڕ لە پرسی تیرۆر و ئایدیۆلۆژیەتی رادیکاڵی بۆ گوڵان:

# ئەگەر کوردستان دەوڵەت رابگەیەنێت وەک ئەندامێکی گرنگی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر جێگەی خۆی دەگرێت

### کوشتنی ٢٠٠ هاووڵاتی سیڤیل و بێتاوان لە کۆبانێ ئەوەمان پێدەڵێت ئێمە لەگەڵ فیکرێکی خۆسەپێنی تۆتالیتار دەجەنگین

پرۆفیسۆر ئانا گیفمان ئوستادی مێژووی سیاسییە لە زانکۆی بۆستن و تایبەتمەندە لە پرسی ئایدیۆلۆژیەتی رادیکاڵی و ئایدیۆلۆژیەتی تیرۆریستی، تێزی دکتۆراکەشی ساڵی ١٩٩٠ بە ناوی (پارتە سیاسییەکان و شۆڕشی تیرۆریزم لە روسیا) پێشکەشی زانکۆی هارڤاردی کردووە. بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتی تیرۆریستی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەترسییەکانی زۆر لە دەوڵەتی نازی زیاترە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خاتوو ئانا سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی لە دواکەوتوویی و گەشەنەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ نەبوونی ئازادی و کرانەوەی دیموکراسی دەگەڕێتەوە. بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی ئازادیدا، ئەوا گەلانی ئەم وڵاتانەش بە گەرمی پێشوازییان لە بیرۆکەی توندڕەوەی ئیسلامی کرد و لە هەمان کاتدا دەوڵەتی ئیسلامی داعش بە شێوەیەك پێشێلکاری کردووە لە ناوچەکەدا کە مەحاڵە جارێکی دیکە ئەم ناوچەیە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش دروستبوونی داعش، ئێوە هۆکاری سەرەکیی پشێوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چیدا دەبینن؟**

- نابێت شۆڕش یەکسان بکرێت بە سەرهەڵدانی ئازادی. بە زۆری – بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتادا- شۆڕشەکان هاوشان دەبن بە سەرهەڵدانی پشێوی و توندوتیژی. دەکرێت ئازادی و دیموکراسی دروشمی شۆڕشگێڕی جەماوەری بن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو سەرکردە ڕادیکاڵانەی ئەو دروشمانە بەکار دەهێنن، پەرۆشییەکی گەرم و گوڕیان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکەکەیان. ئامانجە سەرەکییەکە بریتییە لە تێکشکاندن و تێپەڕاندنی سیستمە کۆنەکە، واتە ئەو ڕابردووەی مایەی ڕق لێبوونەوەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش، سەرکردە شۆڕشگێڕەکان ئامادەن بە ملیۆنەها کەس دووچاری ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت پشێوی و دڵڕەقییەکی بەردەوام بکەنەوە. ئەو کەسانەشی کە یەکەمجار دەبنە قوربانی، ئەو کەسانەن کە سەرکردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، گوایە رزگاریان کردوون.

مەحاڵە بتوانین ئەوەش یەکلا بکەینەوە کە تا چ ڕادەیەك خەڵکی بە گەرمی پێشوازی لە بیرۆکەی ئیسلامی توندڕەو دەکەن. توندڕەوەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خەڵکی پشتیوانییان لێ دەکەن، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئێمە هیچ بیرۆکەیەمان نییە لەبارەی ئەوەی بەڕاستی ملیۆنەها موسڵمان چۆن بیر دەکەنەوە. دوای ئەوەی «ئازادی»یان تاقیکردەوە، ئومێد دەکەن بگەڕێنەوە بۆ ئەو بارودۆخە باشەی پێشوو کە لە سایەی دیکتاتۆرییە کۆنەکەدا لە ئارادا بوو، کە ئارامی دابین دەکرد. میسرییەکان کە لە ساڵی ٢٠١١دا حوکمڕانیی سەربازیی حوسنی موبارەك -یان ڕووخاند، ساڵێك دوای ئەوە محەمەد مورس -یان هەڵبژارد کە سەر بە ئیخوان موسلمین بوو، جارێکی دیکە رژێمی سەربازییان هێنایەوە سەر دەسەڵات لە ساڵی ٢٠١٣دا. لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیشدا هیچ کەسێك بوێری ئەوە ناکا هەستی سیاسیی ڕاستەقینە دەربڕێت. لە هەر حاڵەتێکدا بێت، ئەوە گرنگ نییە کە خەڵکی چ خواستێکیان هەیە، لەبەر ئەوەی لە سایەی رژێمە خۆسەپێنەکاندا «دەمارگیرەکان خاوەنی خەڵکەکەن»، بە پێی وتە بەناوبانگەکەی د. ئیمانویڵ تانای: دەمارگیرەکان تەقینەوە دەکەن و سەر دەپەڕێنن و خەڵك دەکوژن و کوشتن لەسەر شەرەف ئەنجام دەدەن، زۆرینەی ژێر سایەی حوکمڕانیی ئەوانیش کەسانێکی ترسێندراو و قابیلی فەرامۆش کردنن. ئەو پشێوییە بەردەوامەی باڵی کێشاوە بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو بارودۆخە گشتییە دوپات دەکاتەوە کە لە ئارادایە. بە دڵنیاییەوە سیاسەتی زیانبەخشی ئەمەریکا لە ناوچەکدا رۆڵی هەبووە لە لێکترازانی رژێمە سیاسییە تەقلیدییەکاندا. هەرچۆنێك بێت شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە عێراقی دوای سەددام حوسێن ڕوویان نەدا، ئەو عێراقەی دووچاری کاولکاری ببۆوە بە هۆی شەڕەوە. هەروەها بایەخدانی خەمساردانەی ئەمەریکا-ش بە سووریا ئەو داگیرکارییانەمان بۆ ڕوون ناکەنەوە کە دەوڵەتی ئیسلامی توانیویەتی لە ماوەی ساڵێکی بوونیدا بەدەستیان بهێنێت. ئەوەی لێرەدا گرنگترە ئەوەیە کە داعش ئەو بۆشاییە گەورەیەی دەسەڵات ئیستیغلال دەکات کە بەهۆی ناکۆکییە خێڵەکی و ئایینی و ئیتنییەکانەوە لە وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکاندا هاتوونەتە ئاراوە.

ئەو پشێوی و توندوتیژیەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئارادایە هەمان ڕێچکەی پرۆسە شۆڕشگێڕییەکانی گرتۆتەبەر، کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا لە سەرتاسەری جیهاندا ڕوویان داوە. کەواتە ئێستا نۆرە گەیشتۆتە سەر عەرەبەکان. بەڵام کارێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر ئەزموونی تاڵی خۆمان لەگەڵ توندڕەوی ئۆسولگەرایی ئایدیۆلۆژیدا فەرامۆش نەکەین. ئەگەر ئاوڕ بۆ ڕابردوو بدەینەوە، لە زۆرێك لەو پرسانە تێدەگەین کە لە ئێستادا تەڵخ و ناڕونن لامان.

*** بەهۆی پێداگیریی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی لەسەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەکان رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبن، هەروەها داعشیش زیاتر و زیاتر بەهێز و گەورەتر دەبێت. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ داعشدا بکات، ئایا چ ئایندەیەك چاوەڕێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات؟**

-لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا چەندین جار ڕوویداوە کە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا گرووپە تیرۆریستیەکان، یان رادیکاڵەکان هەوڵی بنیادنانی دەوڵەتیان دابێت. کەواتە داعش کار و کردەوەیەکی نوێ

**داعش نوێترین فۆرمی تۆتالیتاریزمە، کە ئەمە جێی نەفرەتی تەواوی سەدەی رابردوو بووە. یەکەم قوربانی هەر دەوڵەتێکی تۆتالیتاریش بریتییە لە هاووڵاتییەکانی. واتە پێش ئەوەی توندڕەوەکان ئایدیۆلۆژیای خۆیان بگەیەننە خەڵکانی دیکە، هەڵدەستن بە تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی خەڵکانی خۆیان**

**پێویستە پیرۆزبایی لە کورد بکرێت لەبەر ئەو هەوڵ و کۆششە جێگیرەیان لە دژی داعش. ئەوان لە هەر هێزێکی دیکەی ناوچەکە سەرکەوتووتر بوون**



**پێناچێت لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا داعش تێکبشکێندرێت، لە ئێستادا دەبێت وا لە مەسەلەکە بڕوانین کە دابەشبوونی عێراق بڕاوەتەوە. بە پێی سەرچاوەیەکی ئاگادار، عێراقییەکان ئەدایەکی زۆر خراپیان هەیە لە ئاست داعش لەبەر ئەوەی توانایەکی کەمیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی بەرگریکردن لە دەوڵەتەکەیان**

**ئەوەی مایەی نیگەرانییەکی زۆرە، ئەوەیە کە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن شەڕ لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، زۆر دوورن لەوەی دەست بدەنە کۆششی جدی بۆ ڕاگرتنی ئەو کاولکارییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت**

**تۆتالیتارەکان کەسانێک دەچەوسێننەوە نەک لەبەر ئەوەی کار و کردەوەیەکیان دژی ڕژێمە حوکمڕانەکە ئەنجام داوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەر بە گرووپێکن کە کراونەتە ئامانجی لەناوبردن**

ئەنجـــام نادات. جار لە دوای جـــار ڕادیکاڵەکان کار و کۆششـــیان کردووە بۆ گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات و پیادەکردنی ئەزموونە تیرۆریستییە نهێنییەکەیان لەو ناوچەیەدا کە کۆنترۆڵیـــان کردووە. ئەوان ئەو خاکەی دەســـتیان بەســـەردا گرتووە، کردوویانەتە دەستپێکێك بـــۆ فراوانخوازییەکـــی بێوچـــان بـــە گوێـــرەی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی هەیانبووە- ئیدی کۆمۆنیســـی بێت، یـــان نازی، یاخود جیهادی-، بەڵام وەك یەك هەڵگری پەیامێك بوون و کەســـانێکی جیهانی و گلۆباڵ بوون و ئامانجیـــان داگیرکردنی جیهان بـــووە. گرنگە لەم خاڵەدا ڕوون بین، داعشیش بە چەشنی ڕادیکاڵەکانی دیکە کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵاتیان داوە، داعش هەوڵی بنیادنانی دامەزراوەیەکی سیاســـی و خۆسەپێن دەدات، کە تێیدا دەوڵـــەت کۆنترۆڵی هاووڵاتییەکانی بکات و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت. واتە ئەو هاووڵاتییانەی کە ئایدیۆلۆژیای حوکمڕان پەسەند ناکەن، بە تەواوی ڕیشـــەکێش بکرێن و وەك دوژمنانی گەل ناوزەدیان بکەن، هەروەهـــا ئەوانەی بە ڕەچەڵەك دوژمنن، یاخود لادەرە ئایینییەکان. بەشێکی گەورەی ئەو ناوچانەی عێراق و ســـووریا کە کراونەتە بەشێك لە خەلافەتەکە دەبنە بناغەیەکی جوگرافی بۆ دەوڵەتێکی خۆسەپێنی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** لـــە یەکـــەم ســـاڵیادی دامەزراندنـــی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، چەندین کاری تیرۆریستی مەترســـیداریان ئەنجام دا لە تونس و فەرەنسا و کوەیت و ســـۆماڵ. بە بۆچوونی ئێوە، ئایا داعش بەو تاوانە گەورانەی چ پەیامێك بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەنێرێت؟**

- فەرەنســـا بۆتـــە یەکێك لە ئامانجـــە خوازراوەکانی جیهادییەکان لە ئەورووپادا، تونس لەســـەر ئەوە سزا درا کـــە پەیوەندییەکی ئابووری باشـــی هەیە لەگەڵ «بێ باوەڕەکان»دا، هێرشکردنە سەر مزگەوتی شیعەکانیش لە کوەیت بەشـــێکە لە شـــەڕێکی سەرتاسەریی داعش لەگەڵ ڕکابەرە ئایینییە ســـەرەکییەکەیدا. هەرچۆنێك بێت، ئەو هێرشانەی بە هەماهەنگی لە ٢٦ی حوزەیران ڕوویان دا و داعش بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆ گرت، پەیامێکی هاوبەش لەخـــۆ دەگرن. پەیامەکەی داعش دوو لایەنی هەبوو:

« ئێمـــە لە هەوڵی ئەوەداین لەســـەر ئاســـتی جیهان باڵادەست بین، هەروەها ئێمە توانای ئەوەمان هەیە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە گورزی خۆمان بسرەوێنین».

بە چەشنی کۆمۆنیستەکان، کە ئامانجیان «شۆڕشی جیهانی» بـــوو. هەروەها بە چەشـــنی نازییەکان کە هەوڵـــی زیندووکردنەوەی «ڕایخی هەزارە ســـاڵەیان» دەدا، ئێســـتاش داعش دەیەوێت ببێتـــە خەلافەتێکی جیهانـــی و ئامانجەکانیشـــی بە ڕێگە و شـــێوازی جۆراوجۆر تۆکمە دەکات. بەپێی ڕۆژنامەی تەلەگراف (لە ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٥) داعش ڕایگەیاندووە کە دەست دەکات بە دروستکردنی دراوی خۆی بۆ ئەوەی خۆی لە «سیستمی ئابووری جیهانی شەیتانی ڕزگار بکات». ڕوویەکی ئەم دراوە زێڕە نەخشـــەی جیهانی لەســـەرە — ئەو ناوچەیەی وێنا کـــراوە کە « دیناری ئیسلامی » تێدا بەکار بێت.

*** هەفتـــەی ڕابـــردوو ژمارەیەك لە تیرۆریســـتانی داعـــش دزەیان کردە ناو کۆبانـــێ و کۆمەڵکوژییەکی خوێناویـــان ئەنجام دا کە تێیدا ٢٠٠ کەســـی مەدەنی و هاووڵاتی بێتاوانیان کوشـــت. چەند بۆچوونێك هەن پێیانوایە بەرپرســـیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی تورکیا کە هاوکاری داعشی کردووە. بە تێڕوانینی ئێوە، ئەگەر وڵاتانێك هەبن یارمەتی داعش بدەن، ئایا چارەنووسی بەرەی دژ بە داعش چی دەبێت؟**



- پرسیارەکەی ئێوە دوو بەش لە خۆ دەگرێت. کوشتنی ٢٠٠ کەسی مەدەنی و بێتاوان ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ هزرێکی خۆسەپێنی تۆتالیتار دەکەین. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە کەسانێکی دیاریکراو بە دوژمن ناوزەد دەکرێن، ئەویش لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یاخود لەسەر بنەمای ئەوەی سەر بە چینێکی دیاریکراو، یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، یان ناسنامەیەکی ئایینی دیاریکراو. تۆتالیتارەکان کەسانێك دەچەوسێننەوە نەك لەبەر ئەوەی کار و کردەوەیەکیان دژی ڕژێمە حوکمڕانەکە ئەنجام داوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەر بە گرووپێکن کە کراونەتە ئامانجی لەناوبردن. لە ڕاستیدا، بیرکردنەوەی تۆتالیتارییانە تەنها دوو ئەگەر لە بەردەم مرۆڤەکاندا دەهێڵێتەوە، یان ئەوەتا خۆی لە نێو ئەو گرووپەدا دەبینێتەوە کە کراوەتە ئامانجی لەناوبردنی بەکۆمەڵ، یاخود بە پێچەوانەوە خۆی بە ناچاری دەبێت بەشداری لە بنیادنانی دامەزراوەیەکی تۆتالیتاریدا بکات. بە دەربڕینێکی دیکە، دەبێتە ئامرازێك بەدەست دەوڵەتەوە بۆ جێبەجێکردنی بنەما هەرە گرنگەکەی دەوڵەتی تۆتالیتاری کە بریتییە لە تۆقاندن و پاکتاوکردنی چینایەتی و ئیتنی و ئایینی. ئەو ٢٠٠ کەسەی لە کۆبانێ بوونە قوربانی نموونەی چینی یەکەمن، ئەوانەی ڕێیان پێ دەدرێت لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین، سەر بە چینی دووەمن. ئەگەر بە ڕاستی ڕەخنەی ئەوە لە تورکیا بگیرێت کە هاوکاری داعش دەکات، ئەوا بە بۆچوونی من گۆڕانکارییەکی زۆر بە سەر هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدا نایەت. حکومەتی ئێستای تورکیا هیچ بەرژەوەندییەکی نییە لەوەدا کە بە ئاشکرا پشتیوانی لە توندڕەوەکانی سووریا بکات، ئەگەرچی جار بە جار «سەفقە»یەکی بچووکیش لە نێوانیاندا روو بدات. ئەوەی مایەی نیگەرانییەکی زۆرە، ئەوەیە کە ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن شەڕ لە دژی دەوڵتی ئیسلامی دەکەن، زۆر دوورن لەوەی دەست بدەنە کۆششی جددی بۆ ڕاگرتنی ئەو کاولکارییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت.

**داعش ئەو بۆشاییە گەورەیەی دەسەڵات ئیستیغلال دەکات کە بەهۆی ناکۆکییە خێڵەکی و ئایینی و ئیتنییەکانەوە لە وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکاندا هاتوونەتە ئاراوە**

**سیاسەتی زیانبەخشی ئەمەریکا لە ناوچەکدا ڕۆڵی هەبووە لە لێکترازانی رژێمە سیاسییە تەقلیدییەکاندا**

**دەکرێت ئازادی و دیموکراسی دروشمی شۆڕشگێڕی جەماوەری بن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەو سەرکردە ڕادیکاڵانەی ئەو دروشمانە بەکار دەهێنن، پەرۆشییەکی گەرم و گوڕیان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بۆ خەڵکەکەیان**

*** ئەوەی پێوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا لە سەدا ٣٠ی خاکی ئەم وڵاتە، کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی موسڵ و ئەنبار، لەلایەن داعشـــەوە داگیرکـــراون و دەوڵەتیان تێیدا دامەزراندووە، ئەمەش هەرێمی کوردســـتانی لە بەغـــدا دابڕیوە و بەو مانایە دێت کە حکومەتی بەغدا بە شـــێوەیەکی عەمەلی بۆتە حکومەتی شـــیعەکان. پرســـیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك عێـــراق لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دابەش بـــووە، تەنانەت ئەگەر هاتوو داعشیش تێکشکێندرا؟**

- پێناچێـــت لـــە ئایندەیەکـــی زۆر نزیکـــدا داعش تێکبشـــکێندرێت، لە ئێســـتادا دەبێت وا لە مەسەلەکە بڕوانیـــن کە دابەشـــبوونی عێراق بڕاوەتـــەوە. بە پێی ســـەرچاوەیەکی ئاگادار، عێراقییەکان ئەدایەکی زۆر خراپیان هەیە لە ئاســـت داعش لەبەر ئەوەی توانایەکی کەمیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەی بەرگریکردن لە دەوڵەتەکەیان. بەلای زۆرێك لە عێراقییەکانەوە چەمکی دەوڵەتداری بـــە هیچ شـــێوەیەك چەمکێکی مانادار نییە و شایســـتەی ئەوە نییە شەڕی لە پێناودا بکەن، هەرچۆنێك بێت، ئەگەر داعش بیەوێت ناوچە شیعەکان داگیر بکات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە خەڵکەکە لە سەر ئاستی مەحەلی دەســـت بدەنە چەك و بەرهەڵستیەکی زیاتر بکەن لە پێناو پاراســـتنی بەرژەوەندییە خێڵەکی و ئایینییەکانیاندا.

*** پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســـتان بۆتە بابەتی گەرمی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە لـــە ڕۆژئاوا. بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە پشتیوانی ئەم پرسە ناکرێت، تا چ ڕادەیەك دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســـتان دەبێتە فاکتەرێك بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش؟**

- پێویســـتە پیرۆزبایی لـــە کورد بکرێـــت لەبەر ئەو هەوڵ و کۆششـــە جێگیرەیان لـــە دژی داعش. ئەوان لە هەر هێزێکی دیکەی ناوچەکە ســـەرکەوتوتر بوون. دامەزراندنی کوردستان پرسێك و مەسەلەیەکی سیاسییە کە پێویستە چارەسەر بکرێت، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشەیەی کە دەوڵەتی ئیسلامی دروستی کردووە. لەگەڵ ئەوەشـــدا و بەهۆی شـــەڕی بێوچانیان، کورد ئەوەی ســـەلماندووە کە ئەگەر ئامانجی لە مێژینەیان بێتەدی، ئەوا کوردستان وەك ئەندامێکی باوەڕپێکراوی هاوپەیمانێتی دژ بە داعش دەمێنێتەوە.

*** شارەزایان زۆر ڕەشـــبینن لە بەرامبەر تێکشکاندنی داعش لە ڕووی هزرییەوە، لەبەر ئەوەی ســـەرچاوەی هزری داعش ســـەلەفیزمی جیهادییە، کە خۆڕسکانە لە ناوچەکەدا گەشـــەی کردووە. واتە تەنانەت ئەگەر داعش-یش تێکبشکێندرێت، ئەوا گرووپێکی بەرفراونتر لە داعش دروست دەبێت، کەواتە ڕێگای ی گونجاو بۆ ریشەکیشکردنی بیرۆکەی داعش چییە؟**

- دووبـــارەی دەکەمـــەوە داعـــش نوێتریـــن فۆرمی تۆتالیتاریزمـــە، کە ئەمـــە جێی نەفرەتـــی تەواوی ســـەدەی رابردوو بووە. یەکەم قوربانی هەر دەوڵەتێکی تۆتالیتاریـــش بریتییە لـــە هاووڵاتییەکانی. واتە پێش ئـــەوەی توندڕەوەکان ئایدیۆلۆژیـــای خۆیان بگەیەننە خەڵکانی دیکە، هەڵدەستن بە تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی خەڵکانی خۆیان. لە ســـایەی حوکمڕانی تۆتالیتاریدا خەڵکـــی دووچاری کارەســـاتی مرۆیـــی دەبنەوە و پێشـــوازی لەو کەســـانەش دەکەن کە دێن و لە ئێش و ئازار ڕزگاریـــان دەکەن. من گومانم هەیە لەوەی پەنا بەرینە بەر بیرکردنەوەی لە چەشنی ئەوەی گرووپێکی خراپتر لە داعش دروســـت دەبێت، بەلای کەمەوە تا ئەو کاتەی ئەم کێشەیە ســـەرهەڵدەدات. لەم کاتەدا داعش سەرقاڵی بنیادنانی ژێرخانی دەوڵەتە، کارێکی کردووە یەکجار زەحمـــەت بێت کە هێزە دەرەکییەکان ئەو ناوەندە هەڵبوەشـــێننەوە کـــە بۆتە ســـەرچاوەی بڵاوبوونەوەی تۆتالیتاریزمی ئیســـلامی. تا ڕادەیەك ئاسان بوو لە ســـاڵی ١٩١٨دا خۆمان لە حکومەتی کۆمۆنیســـتی لە رووســـیا ڕزگار کردبایە، بەو پێیە ڕێگریمان دەکرد لە تۆقاندن و بە قوربانی بوونی خەڵکانێکی بێشـــومار بە هۆی دەستدرێژیی ســـۆڤیەت ـەوە لە سەرتاسەری جیهاندا. هەروەها ئەرکێکی ئاسانتر دەبوو کە نازییەکان ناچار بکرانایە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن لە ساڵانی سییەکاندا، نەك لە ساڵی ١٩٤٥دا، بەو پێیە خۆمان لە کوشـــتارەکانی جەنگی دووەمی جیهان لادەدا. داعش دەوڵەتێکی تۆتالیتاری نوێیە، بە چەشـــنی حکومەتی کۆمۆنیستی و حکومەتی نازی لە سەرەتادا. کە دەبێت لەو ڕوانگەیەشەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. سەرجەم ئایدیۆلۆژیا ئۆسووڵییەکان بێئەندازە سەرنجڕاکێش بوون لەو وڵاتانەی کە تێیاندا ســـەریان هەڵداوە، هەروەها لە کەلتوورە بیانییەکانی سەرتاسەری جیهاندا- بەڵام ئەمە تا ئەو کاتە راســـتە کە رژێمە تۆتالیتارییە بە بەهێزی بمێنێتەوە. چونکە بە شـــێوەیەکی موعجیزەئاســـا ئەو سەرنجڕاکێشییە دەڕەوێتەوە کاتێك ئەو رژێمە دەڕووخێت. بە هەمان شـــێوە ئایدیۆلۆژیای داعـــش، کە مایەی تاســـانە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی دیکە سەرنجڕاکێشـــە ئەمەش تەنها ڕەنگدانەوەی بنیادنانی دەسەڵاتی دەوڵەتە. کاتێك دەوڵەتەکە لە ئارادا نامێنێت، ئـــەوا ئایدیۆلۆژیاکـــەش دەبێتە دروشـــمێکی بەتاڵ و هاوارێکی نائومێد بۆ کاولکاری.



پرۆفیسۆر کریستۆفەر جەی فیرۆر پێشتر ئوستادی دیپلۆماتی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بووە لە زانکۆی سیتن هۆڵ، هەروەها یەکێکە لەو ئەکادیمیستانەی زانستی سیاسەت کە وەك پرۆفیشناڵێك لە حکومەت کاری کردووە. ئێستا خەریکی خوێندنی دکتۆرای دووەمە لەسەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ماکسوێڵ. بۆ قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق و دۆسێی ئەم وڵاتە کە هەر لە ئێستاوە بۆتە کارتێکی هەڵبژاردن لە نێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

## کریستۆفەر فیرۆر

تایبەتمەند لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ناتوانرێت بەبێ رەچاوکردنی توانای پێشمەرگە بیر لە تێکشکاندنی داعش بکرێتەوە



**هێڵێکی ڕاستەوخۆ ناکێشم لە نێوان گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکە و شەڕی تایفەگەری. بە دڵنیاییەوە ئێران تاوانبارە بە ئاڵۆزکردنی ناکۆکییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام تەواوی ئۆباڵەکەی ناکەوێتە ئەستۆی**

*** ئاشکرایە هەر لە ئێستاوە کێشەی عێراق بۆتە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کۆمارییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیدارەی ئەمریکا لە عێراقدا شکستی هێناوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئایندەی عێراق لەسەر ئایندەی سەرۆکایەتی ئەمریکا کاریگەری دەبێت؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە بارودۆخی عێراق فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠١٦دا بەڕێوە دەچێت، تەنها ئەگەر هێرشێکی تیرۆریستی گەورە لە دژی ئەمریکییەکان ئەنجام بدرێت. بە دڵنیاییەوە ئەمریکییەکان بایەخ بە عێراق و داعش دەدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوان — دەنگدەرە ئەمریکییەکان- بە لەبەرچاوگرتنی پرسە ناوخۆییەکان هەر لە ئابوورییەوە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەنگ دەدەن. هەرچۆنێك بیت، ڕوونە کە سەرۆکێك لە حزبی کۆماری پتر خواستی ئەوەی دەبێت ژمارەیەکی گەورەی سەرباز ڕەوانەی ناوچەکە بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەلایەن داعش دروست کراون، ڕەنگیشە سەرۆکێکی دیموکراتی — بە چەشنی هیلاری کلیتۆن- لە سەرۆك ئۆباما پتر توندتر بێت، بەڵام بە ئاست و ئەندازەی توندی کۆمارییەکان نا لە پێوەندی بە پەنابردن بۆ چارەسەری سەربازی لە ناوچەکەدا.

*** نزیکترین هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بریتین لە تورکیا و سعودیە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا سیاسەتێکی ڕوونی نییە بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەوا لەگەڵ بەرنامەی ئەمریکا بۆ ناوچەکە یەکناگرنەوە، ئایا دروستبوونی ئەم دۆخە بە شکشتی دیپلۆماسیەتی ئەمریکا نازانیت؟**

- ئەوە ڕاستە کە تاوەکو ئێستا ئەمریکا پەرەی بە ستراتیژیەتێکی ڕوون نەداوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە شێوازی مامەڵەکردنی ئەمریکادا پەیامێکی لۆژێکی هەیە. پەیامەکەش بۆ حکومەتەکانی ئەنقەرە و ریاز و بەغدا ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و بەرەنگاری ئەو ڕووداوانە ببنەوە کە لە ناوچەکەتاندا ڕوودەدەن. ریاز بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ لە پێوندی بە هەڵکشانی ئایدیۆلۆژیای داعشەوە، لەبەر ئەوەی بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژە پشتیوانی فەرهەنگی وەهابییەت دەکات لە جیهانی ئیسلامیدا. هەروەها تورکیاش چەند بژاردەیەکی گرتەبەر کە هیچ پێوەندییەکان بە ئەمریکاوە نەبوو. بۆ نموونە، بەلای تورکیاوە هەندێك لە کورد هەڕەشەیەکی گەورەترن لە داعش بۆ سەر وڵاتەکەی. حکومەتەکانی ناوچەکە هەندێ حیسابات و هەڵەیان ئەنجام داوە کە هۆکار بوون بۆ ئەو کێشانەی لە ئێستادا لە ئارادان، بۆیە دەکرێت بڵێین دەرکەوتنی داعش شکستێکی جەماعییە، نەك شکستی ئەمریکا بە تەنها.

*** سیاسەتێکی دیکەی ئەمریکا کە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەران کردووە، بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا. ئەمەش وای کردووە ئەمریکا چاو دابخات لە ئاست هەڵسوکەوتەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن -دا. ئایا ئەمە نابێتە هۆی شەڕێکی خوێناوی ناوچەیی لە نێوان گرووپە تایفەگەرییەکانی سوننە و شیعەدا؟**

- من هێڵێکی ڕاستەوخۆ ناکێشم لە نێوان گفتوگۆکانی پەیوەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکە و شەڕی تایفەگەری.



به دڵنیاییەوە ئێران تاوانبارە بە ئاڵۆزکردنی ناکۆکییەکان لە ناوچەکەدا، بەڵام تەواوی ئۆباڵەکەی ناکەوێتە ئەستۆی. ئەلقاعیدە لە عێراقدا –ئەو گرووپەی پێشوو کە داعش بۆتە جێگرەوەی- بژاردەیەکی ستراتیژی گرتەبەر بۆ خۆشکردنی ئاگری شەڕی تایفەگەری. گرووپە سوننە جۆراوجۆرەکان لە ناوچەکەدا بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژە شیعەیان بە باوەڕێکی ئایینی هەڵە زانیوە. حکومەی سعودیە چاوپۆشییەکی زۆری کردووە لە پەیامە ئەنتی شیعەکان. ئێران کاراکتەرێکی ستراتیژییە کە بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانێت مامەڵە لەگەڵ گرووپە شیعە و سوننەکاندا دەکات، چیتر ئێران بایەخ بە هەناردەکردنی مۆدێلی ویلایەتی فەقیە نادات. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی هەژمونگەری ناوچەیی بدات، ئەوا بە دڵنیاییەوە شتێکی لۆژیکی نابێت کە تەنها و تەنها ئەجێندایەکی تایفەگەری پیادە بکات، لەبەر ئەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکانی ناوچەکە و جیهانی ئیسلامیش سوننەن. لەوەش زیاتر، لە ڕابردوودا زۆرێك لە دەوڵەتە سوننەکان پشتیوانی حزبولڵایان کردووە، کە گرووپێکی شیعەیە. لەبەر ئەوە باوەڕم وا نییە ئەو ناکۆکییە تایفەگەرییە شتێکی حەتمی بێت. بەم ساڵانەی دوایی کاراکتەرە سەرەکییەکان بڕیارێکی ستراتیژیان دا بە بەکارهێنانی تایفەگەری وەك پاساوێك بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی لە ململانێی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا. ئەمە جێی داخە، بەڵام شتێکی حەتمی نییە.

*** نوێترین و نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەتەوەی کوردە، بەڵام ئەمریکا وەك پێویست پشتیوانیان ناکات. بە بۆچوونی ئێوە ئەگەر ئەمریکا پشتیوانی کورد بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی دووبارە ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ستراتیژییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- هەڵوێستی ڕەسمی ئەمریکا ئەوەیە کە دەبێت عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە، هاوشان بە پیادەکردنی شێوازێکی فیدڕاڵی، یان کۆنفیدڕاڵی کە دەسەڵاتێکی مەحەلی زۆر بداتە کورد. بەڵام زۆرێك لە شارەزایان پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا ئەمە شتێکی مومکینە؟ پێموایە زۆرێك لە ئەمریکیەکان – بە هاووڵاتی ئاسایی و شارەزایانی بواری سیاسەتی دەرەکییەوە- لە ڕووی عاتیفییەوە زۆر خۆشحاڵ دەبن کە ببینن لە کۆتاییدا کوردەکان سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، بەڵام هێشتا چەندین کێشەی ستراتیژیش هەن لەم ڕووەوە. بەڵام ڕوونە کە ئەمریکا نیگەرانە لەوەی کە ئەگەر پشتیوانییەکی ئاشکرا بۆ کوردستانێکی ئازاد دەربڕێت، ئەوا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا. بەڵام لە هەمان کاتدا کێشەیەکی ستراتیژی هەیە لە پێوەندی بەوەی لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا چی ڕوودەدات. ئایا عێراق بۆ سێ دەوڵەت دابەش دەبێت؟ ئەگەر دابەش بێت، ئایا بەشە شیعەکەی ناکەوێتە ژێر کاریگەری ئێرانەوە و ئایا بەشە عەرەبییە سوننەکە وەك خەلافەتێکی توندڕەو نامێنێتەوە؟ ئایا کورد دەتوانن کۆنترۆڵێکی زیاتریان هەبێت بەسەر کاروبارەکانی بەشەکانی دیکەی عێراقەوە، ئەگەر هاتوو وەك بەشێك لە دەوڵەتەکە مانەوە؟ ئەمە پرسێکی ستراتیژییە کە دەبێت کورد لەبەرچاوی بگرێت. ئەگەر جیا ببنەوە، ئایا چ کاریگەریکیان لەسەر بەغدا و پارێزگا عەرەبییە نزیکەکان دەبێت؟

**حکومەتەکانی ناوچەکە هەندێ حیسابات و هەڵەیان ئەنجام داوە کە هۆکار بوون بۆ ئەو کێشانەی لە ئێستادا لە ئارادان، بۆیە دەکرێت بڵێین دەرکەوتنی داعش شکستێکی جەماعییە، نەک شکستی ئەمریکا بە تەنها**

## مامۆستا عوزێر حافز هەورامی

پێشنوێژ و وتاربێژ و شارەزا لە بواری شەریعەتی ئیسلام بۆگوڵان:

# کورد پابەندترین نەتەوە بووە بە ئیسلامەوە، بەڵام دوژمنەکانمان بەناوی ئەم ئایینەوە وڵاتیان خاپوور کردووین و مزگەوت و تەکیە و خانەقا و قورئانمانیان سووتاندووە

**مامۆستا عوزێر حافز هەورامی ئەندامی یەکێتی زانایانی جیهان و قوتابی دکتۆرایە لە بواری شەریعەتی ئیسلامیدا، لە بوارە جیا جیاکانی ئیسلامدا خاوەنی چەندین لێکۆڵینەوە و کتێبە بە زمانی کوردی و زیاتر لە(٢٥) ساڵ لە بەغدا و شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا پێشنوێژ و وتاربێژ بووە. سەبارەت بەو شەڕە داسەپاوەی داعش و ڕۆڵی زانایانی ئایینی کوردستان و هەڵوێستیان لە هەمبەر تیرۆریستانی داعش کە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە پەلاماری کوردستان دەدەن و ژینۆسایدی کورد دەکەن، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ماوەی ساڵێکە تیرۆریستانی داعش شەڕێکی دڕندانەیان بەسەر کوردستاندا سەپاندووە، لە هەمانکاتدا هەست دەکەین تا ئێستا نەتوانراوە لەلایەن زانایانی ئایینی کوردستانەوە وەکو پێویست شەڕی فیکری ئەم تیرۆریستانە بکرێت، چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت؟**

ـ بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان. شەڕی داعش کە بەسەر کوردستاندا سەپێندراوە، بەشێکە لەو پلان و نەخشە بۆ داڕێژراوانەی کە لە لایەن وڵاتانی ناوچەکە و ناحەزانی کورد و کوردستانەوە هەوڵی بۆ دەدرێت، دیاریشە کە کورد ئەم شەڕەی نەویستووە و هیچ کات بەو ئاواتیشەوە نەبووە شەڕێکی ئاوا یەخەی پێ بگرێت. دەبێ زۆر بە هۆشیارانە و هەستکردن بە لێپرساویەتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت. ڕاستە وەك پێویست نەتوانراوە ڕووبەڕووی ببینەوە، چونکە شەڕەکە تایبەتە بە فکر و هزر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە لە دەقەکانی (قورئان و حەدیس) لە هەمان کاتدا دەبێت ڕۆڵی زانایانی بەڕێزیش بەرز بنرخێنین، چونکە مێژوو شایەدی دەدات کە فکری زانایانی کورد، فکرێکی میانڕەوانە بووە و هەمیشە هەوڵیانداوە، گەلی کورد لە توندوتیژی و ڕق و کینە دوور بێ، ئەگەریش وتار و ڕۆڵی میانڕەوانەی زانایان نەبووایە، ئەوا بارودۆخی ئەمڕۆ بە جۆرێکی تری نەخوازراو دەکەوتەوە، پێشموایە تەنیا ئەرکی زانایان نییە ڕووبەڕووی فکری توندوتیژی و توندڕەوی ببنەوە، ڕاستە، ئەرکی ئەوان زیاترە، بەڵام ئەرکی بیرمەندان و ڕۆشنبیران و دەزگاکانی



راگەیاندن و شـــارەزایانی فیکری ئیســـلامیش لەوان کەمتر نییە، بۆیە ئەرکێکی ئایینـــی و نەتەوەیی هەمووانە پێکەوە هاوکار بین بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە.

*** جێگەی شـــانازییە بۆ گەلی کـــورد کە زۆربەی زۆری تاکەکانی ئەم گەلە موسڵمانن، دیاردەی توندڕۆیی ئایینیش لە کۆمەڵگەی کوردی بوونی نەبووە، هەروەها پێکەوەژیان و ڕێزلێگرتن لەنێوان ئایینە جیاوازەکاندا هەبووە، تەنانەت ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە برایانی کریستیان و ئایینەکانی دیکە لە کوردســـتان دەژین و کڵێســـا و پەرستگای خۆیان هەیە و هیچ جیاوازییەکیان نییە، پێشتریش ژمارەیەکی زۆر جوولەکە هەبوون و هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەبووە. ئایا سەرچاوەی لێبووردەیی ئایینی لە کوردستان لە چییەوە هاتووە؟**

ـ وەك ئاماژەت پێدا لە کوردستاندا ئایین و نەتەوە و مەزهەبی جیـــا جیا هەن، بـــە درێژایی مێژوو ئەم نەتـــەوە و ئایین و مەزهەبانە لە کوردســـتاندا ژیاون، هیچ کاتێك نە دووبەرەکیَ و نە کێشە لە نێوانیاندا رووی نەداوە، ئەمەش بۆ زۆر هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

تێگەیشـــتنی راســـتەقینەی گەلی کورد بۆ ئـــەو بنەما ئایینییانەی کە داوای لێبوردەیی و پێکەوەژیان و هاوکاری و برایەتی و دڵنەرمی و ئاشتییانەی مرۆڤەکان دەکەن، ئەمەش هاوکاتە لە تێگەیشتنی زانایانی کوردستان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەیاندنی ئەم پەیامە بە جەماوەر، لە ڕێگەی وتار و بۆنە ئایینی و نەتەوەیی و مەجالیســـەکانیانەوە، تەنانەت دەگێڕنـــەوە لەو کاتەی جوولەکەکانی هەڵەبجە ویســـتوویانە مەعبەدێك دروســـت بکەن (شێخ حیسامەددین نەقشبەندی) هاوکاری کردوون، دوای ئەوەی هەڵەبجەیان جێهێشت، هەمان شـــوێن کرا بە مزگەوت بە نـــاوی مزگەوتی (ئەحمەدی)، ئێستاش گەلی کورد هەمان برایەتی و خۆشەویستی هەیە بۆ هەموو ئایین و مەزهەبە جیاجیاکان، بەڵام دیارە پلانەکان بۆ تێکدانی یەکڕیزیی ئایین و نەتەوەکانی کوردستان جۆراوجۆرن، بۆیە بە ئەرکی هەموومانی دەزانم هەستیارانە بیربکەینەوە و دڵسۆزانە رووبەڕووی رووداوەکان ببینەوە .

*** لایەنێکی دیکە کە هەقە موســـڵمانانی کورد شانازی پێوە بکەن، مێژووی زانایانی گەورەی ئیسلامە، ئەوەی جێگەی تێڕامانە، کاتێك ســـەیری نووسینی زانایانی ئیسلامی کورد دەکەین، هـــەر لە مەلای جەزیری و ئەحمـــەدی خانی، تا دەگاتە مەولەوی و ســـالم و مەحوی و نالی، هەست دەکەین هەموومان فێری عەشـــق و خۆشەویستی و عیرفان دەکەن، ئایا ئیلهامی ئـــەم خۆشەویســـتی و عیرفانانەی زانایانی ئیسلامی کورد لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- کوردستانییان رۆحی برایەتی و پێکەوەژیان و هاوکارییان لـــە نێوان یەکتـــردا بە هەنـــد وەرگرتووە، لـــە هەمان کاتدا هاوســـەنگی و جوان حاڵیبوونی زانایانی پایەبەرزی کورد لە دەقەکانی قورئان و ســـوننەت و رەوشت و ئاکارە جوانەکانی بـــاو و باپیرانمان هۆکارێکی تری ئەو برایەتی و تەباییەن لە نێو پێکهاتەکانی کوردســـتاندا، بۆیە ئومێدەوارم ئەم کەلتوور

**کورد واتە وەفاداری، کورد واتە راستگۆیی، ئەم خەسڵەتانە مایەی شانازی کوردبوونن، بەڵام بەداخەوە نەیاران ئەم رەوشت و ئاکارە بەرزانەی کوردیان قۆستوەتەوە و پیلانیان لە دژی گێڕاوە و هەمیشە مافیان خواردووەو ستەمیان لێکردووە**

**پێویستە وەزارەتی ئەوقاف گرنگی بدات بە لایەنی ڕۆشنبیرکردنی زانایان و بانگخوازان و جەماوەر بە گشتی لە ڕێگەی گرێدانی سیمینار و سەکۆی هاوبەش و مێزگردی زانستییانە بە بەشداری زانایان و پیاوانی ئایینی و بە ئامادەبوونی شارەزایان و ڕۆشنبیران و قوتابیان و مامۆستایانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆکانی کوردستان**

**تێگەیشتنی ڕاستەقینەی گەلی کورد بۆ ئەو بنەما ئایینیانەی کە داوای لێبوردەیی و بە یەکەوەژیان و هاوکاری و برایەتی و دڵنەرمی و ئاشتییانەی مرۆڤەکان دەکەن، پەیوەستە بە تێگەیشتنی زانایانی کوردستان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەیاندنی ئەم پەیامە بە جەماوەر**

**دەگێڕنەوە لەو کاتەی جوولەکەکانی هەڵەبجە ویستوویانە مەعبەدێک دروست بکەن (شێخ حیسامەددین نەقشبەندی) هاوکاری کردوون**

و مێژووە بپارێزین، بە هیچ شێوەیەك بواری دووبەرەكی و توندوتیژی فیكری نەدەین لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاكانی گەلەكەماندا.

*** ئەوەی لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و تەنانەت ڕۆژئاوا باسی لێوەدەكرێت، مەسەلەی ئیسلامی سەلەفییە، ئەم ئاڕاستەیەی ئیسلامی بە شێوازێك بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی سەیر دەكرێت، ئایا مەترسیی سەلەفی جیهادی لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و كۆی موسڵمانان چییە؟**

ـ سەلەفییەت چەند جۆر و مەدرەسەی هەیە، لەوانە سەلەفی فیكری و جیهادی و تەكفیری و. تاد، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامان و سەرنجە، سەلەفییەتی جیهادی و تەكفیرییە، كە زۆربەی موسڵمانان كافر دەكەن و بیری توندڕەوی بەرهەم دەهێنێت.

*** تاچەند وەزارەتی ئەوقاف لەسەر ئەم بارودۆخە بەرپرسیارە؟ هەروەها تا چەند حزبەكانی كوردستان بێ جیاوازی كاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی مەلاكانی كوردستان هەیە، وەك دەبینین گوتارێكی یەكگرتووی ئایینی بەرامبەر تیرۆریستانی داعش بوونی نییە؟**

- وەك پێشتریش وتم ئەركی بڵاوكردنەوەی بیری میانڕەوی بە تەنیا ئەركی توێژی زانایانی بەڕێز نییە، بەڵام چونكە زانایان پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی هەیە، دیارە پشكی ئەو وەزارەتە زۆرترە، چونكە مزگەوت و وتار و زانایان و تەكیە و خانەقا و پیاوانی ئایین و ئایینەكانی تریش سەر بەو وەزارەتەن، دەبێ ئەو وەزارەتە لێپرسراوانەتر هەڵسوكەوتیان لەگەڵ بكات، بە لای منەوە پێویستە وەزارەتی ئەوقاف گرنگی بدات بە لایەنی ڕۆشنبیركردنی زانایان و بانگخوازان و جەماوەر بە گشتی لە ڕێگەی گرێدانی سیمینارو سەكۆی هاوبەش و مێزگردی زانستیانە بە بەشداری زانایان و پیاوانی ئایینی و بە ئامادەبوونی شارەزایان و ڕۆشنبیران و قوتابیان و مامۆستایانی كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكانی زانكۆكانی كوردستان، بەلای منەوە وتاری یەكگرتوو هەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕەی كە بەرۆكی بە كورد گرتووە، لە لایەن زانایانەوە زۆر بە ڕاشكاوانە لایەنە ئیسلامییەكان و بانگخوازان و ڕێكخراوە بیرمەندییەكان هەڵوێستی خۆیان بە ئاشكراو بە ڕوونی هەبووە، دژ بەو كردار و هەڵوێستانەی (داعش)، ئەگەر ئەو وتارە یەكگرتووانە و یەكهەڵوێستییە نەبوایە، بارودۆخەكە بە جۆرێكی تر دەبوو، چاوەڕێ دەكرێ وەزارەتی ئەوقاف چالاكانەتر بە ئەركی خۆی هەستێت.

*** ئەگەر هەندێك لەسەر فیقهی ئیسلامی هەڵوەستە بكەین، ئایا چۆن سەیری ئەو فیقهە ئیسلامیە دەكەیت، كە ئێستا باسی لێوە دەكرێت، ئایا تا چەند عەرەب سوودی لە فیقهی ئیسلامی وەرگرتووە؟**

-فیقه، واتە تێگەیشتن، واتە ئیجتهادی كۆمەڵێك لە زانایان لە سەردەمە جیاجیاكان و شوێنە جیا جیاكان و تێگەیشتنیانە لە هەندێك ئەحكام. مەرجیش نییە بۆچوون و تێگەیشتنی ئەو زانایانە (حوجەت) بێت بۆ هەموو سەردەم و شوێن و ژینگەكانی تر، چونكە فیقهی ئیسلامی پێویستی بە نوێبوونەوە و تازەگەریی هەیە، لە هەموو كات و شوێن و سەردەمێكدا. بۆ وەڵامی بڕگەی دووەمی پرسیارەكەتیش، بەڵێ سروشتییە كە عەرەب سوودی لە فیقهی ئیسلامی بە گشتی وەرگرتبێت، چونكە قورئان و سوننەت بە زمانی عەرەبین، ئەوەش ڕاستە و هاوڕام لەگەڵتدا كە كورد وەك پێویست لە مێژوودا نەیتوانیوە سوودمەند بێت لەو گەنجینەیە، كە دەتوانم بڵێم پابەندترین نەتەوە بووە بە ئیسلامەوەو لە هەموو گەلان زیاتریش لەو پێناوەدا قوربانی داوە، بەتایبەت دوای دروستبوونی دەوڵەتی هاوچەرخ و بڵاوبوونەوەی بیری ناسیۆنالیزم، هۆكارەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵ:

یەكەم: خۆشباوەڕی و دڵپاكی و پابەندیی گەلی كورد بە ئیسلام و برایەتی لەگەڵ نەتەوەكانی تردا.

دووەم :پیلانگێڕی و خیانەت و درۆكردن و ستەمی نەتەوەكانی تر بەرامبەر بە كورد، هیواداریشم سوود لە هەڵەكانی ڕابردوو وەربگیرێت. كورد واتە ئاشتیخواز، كورد واتە دڵ پاك و دڵ نەرم، كورد واتە باوەڕدار بە ئایین و پێكەوەژیان، كوردستانیش واتە لانكەی بێ لانەكان، داڵدەدەری نەتەوەو ئایینە جیاجیاكان، كورد واتە دڵسۆزیی، كورد واتە وەفاداری، كورد واتە ڕاستگۆیی، ئەمانە مایەی شانازی كوردبوونن، بەڵام بەداخەوە نەیاران، ئەم ڕەوشت و ئاكارە بەرزانەی كوردیان قۆستوەتەوە و پیلانیان لە دژی گێڕاوەو هەمیشە مافیان خواردووە و ستەمیان لێكردووە، هەر جارەی بە ناوێكەوە، بەتایبەت بە ناوی ئایینەوە ماڵیان وێران كراوە و وڵاتمان خاپووركراوە و مزگەوت و تەكیە و خانەقا و قورئانمان سووتێندراوە، كەچی گەلی كورد نموونەی لێبووردەیی و دڵپاكییە، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەش كۆتایی دێت و پشت بە خوا و هەوڵی دڵسۆزان، ئایندەیەكی دڵخۆشكەر و كوردستانێكی سەربەخۆ و گەلێكی ئازاد بە چاوی خۆمان دەبینین.

*** هەندێك لە بیرمەندانی ئیسلامی پێیانوایە ریفۆرم، یان نوێكردنەوەی تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەكانی ئیسلام، بەمانای ئەوە نییە ئێمە لە دەقەكانی قورئانی پیرۆز لادەدەین، بەڵكو بەمانای ئەوەیە چۆن بەپێی سەردەم و قۆناخی نوێ دووبارە دەقەكان دەخوێنینەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وەك زانایایەكی ئیسلامی بەتایبەتی بۆ ئێستای بارودۆخی كوردستان چۆن سەیری ریفۆرم و نوێبوونەوە لە ئیسلامدا دەكەن؟**

- نوێبوونەوەو نوێخوازی و تازەگەرایی بە مانای (تەجدید) دێت، ئەم (ریفۆرم) و تازەگەری و داهێنانی تازەیە كە مانای چاكسازی فكری دەگەیەنێت، شتێكی نوێ نییە،

بەڵکو لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) بانگەشەی بۆ کراوە، ئەم نوێگەرایەتی و ریفۆرمە مانای دەوڵەمەندیی کەلتووری فیکری ئیسلامی دەگەیەنێت، خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر نەوەستان و چەق نەبەستوویی و فکری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی ئیسلام بە هەزاران زانا و ملیۆنەها سەرچاوە و کتێب، لەو بوارەدا هەن کە ماناو ئاماژەن بۆ دووبارە مانا کردنەوە و تێگەیشتن لە دەقەکان، بە گوێرەی پێویستیی هەر سەردەم و شوێن و گەلێك، ئەمڕۆش لە کوردستان پێویستمان بەو تازەگەراییە و بەو تێگەیشتنە سەردەمییانە هەیە، بەڵام لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و بیرمەند و دڵسۆزەوە بۆ ئەوەی لە کاروان دوا نەکەوین. سوپاس بۆ خوا، کوردستان خاوەنی چەندین زانا و پسپۆڕی ئەو لایەنەیە، کە دەتوانن لەو بوارەدا هەوڵی خۆیان بە گەڕ بخەن و سەردەمییانە مانای دەقەکان بکەنەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە دەستکاری ئیسلام و قورئان کراوە.

*** قسە و باسی گەرمی ئەمڕۆی کوردستان پرسی نووسینەوەی دەستووری کوردستانە، چۆن بتوانین دەستوورێك بنووسینەوە کە کورد لە ئێستا و لە داهاتووشدا نەوەکانی شانازی پێوە بکەن؟**

- دەستوور مانای بوونی نەتەوە و وڵات و گیانێکی سیاسی دەبەخشێت، دیارە پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان هۆکارێکن بۆ تۆکمەیی و گشتگیری دەستووری کوردستان، چونکە دەستوور بۆ کورد نییە، تەنیا بۆ موسڵمانانیش نییە، بەڵکو بۆ دانیشتوانی کوردستانە، بە بۆچوونی من دەبێت ئەم خاڵانە بەهەند وەربگیرێت:

١. دەبێت دەستوور پارێزگاری لە ناسنامەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکات، واتە ناسنامەی زۆرینەی ئایین.

٢. دەبێت ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی کوردستان بپارێزرێت.

٣. دەبێت مافی ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانی تر دەستەبەر بکات.

٤. دەبێت ماف و ئازادییەکانی تاکەکەسی بپارێزرێت، مەبەست لە ئازادی سنووردارە، نەك ئازادی رەهای بێ سنوور.

٥. دەبێت دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، خاڵی سەرەکی دەستوورەکە بن.

*** ئێستا لەسەر دەستی پێشمەرگە زۆر لەو ناوچانەی کوردستان ئازادکراون، ئایا چۆن سەیری ئەو رۆڵە قارەمانانەی پێشمەرگە دەکەیت؟**


- پێشمەرگە ئەو سونبولەیە کە مایەی شانازی هەمووماندە، پێشمەرگە ئەو پارێزەرەیە کە خاك و نەتەوەو مێژوو شانازی پێوە دەکات، پێشمەرگە ئەرکێکی گرنگی نیشتمانی و نەتەوەیی قۆناغێکی هەستیار و مەترسیدار جێبەجێ دەکات، بۆیە دەڵێم سڵاو لە پێشمەرگە، سڵاو بۆ شەهیدان، سڵاو بۆ برینداران، سڵاو بۆ خانەوادەکانیان.



عوزێر حافز هەورامی ساڵی (١٩٥٧) لە شارەدێی تەوێڵەی ناوچەی هەورامانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە و لە بنەماڵەیەکی ئیسلامپەروەری زانستخوازدا لەدایك بووە.

- سەرەتای خوێندنی لە خزمەت باوکی دەستی پێ کردووە.
- ئەندامی یەکێتی زانایانی جیهانە.
- هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێرە) لە بواری شەریعەتدا.
- قوتابی دکتۆرایە لە هەمان بواردا.
- ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی عێراق بووە.
- خاوەنی چەندین دانراوەیە بە زمانی کوردی لە بوارە جیاجیاکانی ئیسلامدا.
- بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق کردووە.
- زیاتر لە (٢٥) ساڵ لە بەغدا و شارو شارۆچکەکانی کوردستان پێشنوێژ و وتاربێژ بووە.
- خێزاندارەو سێ کوڕ و دوو کچی هەیە.

# زمانی کوردی
# لەسەردەمی شەڕی ناسنامەکاندا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

کە زمان کاراترین فاکتەری پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان بێت، پێویست دەکات لەپێناوی بەزیندوو راگرتنی زمانی کوردیمان وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینیی، چەند هەنگاوێکی گرنگ بنێین لەوانە:

یەکەم: تۆمارکردنی گشت بەرهەمەکانی ئێستاو داهاتوومان بەزمانی کوردی و، پاشان بڵاوکردنەوەیان لە زۆربەی ناوەندە رۆشنبیرییەکانی جیهانی ئیسلامیی و دەرەوەدا، بەمەش گەلانی موسڵمان و دنیا بە زمانەکەمان ئاشنا دەبن و خەڵکانێکیش ئامادە دەبن کە بیانگۆڕنە سەر زمانە زیندووەکانی جیهان و، بۆ دنیاش دەیسەلمێنین کە زمانێك هەیە بەناوی زمانی کوردییەوە، بەمەش شتێك دەخەینە سەر بینای شارستانیەتی کورد، چونکە لە ڕابردوودا نووسینەوەی کتێب و نامیلکەو باس و هەندێك گۆڤارو بڵاوکراوەی نەتەوەکەمان بەزمانی گەلانی دراوسێ، بوو بە هۆی فەوتاندنی سامانێکی رۆشنبیریی گەورەی گەلەکەمان، خرانە سەر خەرمانی ژیاریی ئەو گەل و نەتەوانەی دی..

دووەم: ئاخاوتن و نووسین بەزمانی کوردی ئەرکێکی شەرعییەو بەزیندوو راگرتنی زمانی خواکردی نەتەوەییمان، بریتییە لەزیندوو راگرتنی بەڵگەیەك و ئایەتێك لەبەڵگەکانی باڵادەستیی خوای گەورەو، بەئەنجام گەیاندنی ویستێکی خوایی، کە بە ئیرادەی خوای گەورە ئێمە کوردین و زمانمان زمانی کوردییەو، کوردستانی بۆ کردووین بەنیشتمان..

سێیەم: کە پێغەمبەران –درووی خوایان لەسەر– پەیامی خوای گەورەیان بەزمانی نەتەوەکەی خۆیان بەخەڵکی گەیاند بێت، دەبێت ئاینخوازانی ئێمەش بەزمانی کوردی و بە تێگەیشتنی کوردانە ئەم پەیامە ئاینییە بۆ گەلی کوردستان راڤە بکەن.

چوارەم: تێگەیاندنی کاربەدەست و گەلانی دراوسێمان لەو راستییەی کە سڕینەوەی بەڵگەکانی دەسەڵاتدارێتی خوای گەورە تاوانەو، لەوانەش هەر هەوڵێك بۆ سڕینەوەی زمانی کوردی بدرێت لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا تاوانەو، هەر وەك هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی ئاسمانەکان و زەوی، کە لە پاڵ جیاوازیی و جۆراو جۆریی دەنگەکان و رەنگەکاندا، نیشانەی ئاشکرای باڵادەستیی خوای گەورەو میهرەبانن

پێنجەم: زمانی کوردیی وەك زمانی نووسین و خوێندن لەقوتابخانەو دەزگاو فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستاندا بایەخی زیاتری پێبدرێت و، تابلۆکانی نووسینیش لەشەقام و شوێنە گشتییەکان و دامەزراوە ئەهلیی و تایبەتەکاندا بەزمانی کوردی بن.

شەشەم: بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی لەگشت کۆڕو کۆنگرەو سیمینارە جۆراو جۆرەکان و، دیدارە رۆژنامەگەری و تەلەفزیۆنییەکان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانداو، تەرجەمەکردنی بۆ ئەوانەیش کە لەزمانی کوردی ناگەن، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین زۆرێك لەوڵاتانی خاوەن زمانی نەتەوەیی ئەمڕۆ خۆیان لەبەردەم شاڵاوی بەجیهانی کردن و عەولەمەو




زاڵبوونی زمانی ئینگلیزیدان، ئێستا هەوڵێکی یەگجار زۆر بەخەرج دەدەن بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەیییان.

حەوتەم: هەوڵدانی زانستیانەو ئەکادیمیانە بۆ هێنانە ئارای زمانی یەکگرتووی کوردی، بەهۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی نووسین و خوێندنی کوردی بەزاراوە رەسەنەکانی دیالێکتە جۆراو جۆرەکانی زمانی کوردی و، ئەمەش لەرێگەی پرۆگرامی خوێندن لەقوتابخانەکانداو، لەرێی هۆکارەکانی راگەیاندنی بیستراوو بینراوو خوێنراو، هەروەها لەرێگەی ئەدەبیاتی حزبە سیاسییەکانی کوردستان و، کۆمەڵەو گرووپە ئەدەبی و رۆشنبیریی و هونەرییەکانەوە.

هەشتەم: بەکارهێنانی زمانی کوردی لەلایەن بەرپرس و لێپرسراوی دامودەزگا حکومییەکانی هەرێم و، سەرکردەو لێپرسراوانی حزبە کوردستانییەکانەوە، لەو دیمانە رۆژنامەگەریی و تەلەفزیۆنی و رادیۆییانەی کەلەگەڵیاندا ئەنجام دەدرێت.

نۆیەم: کارکردنی باش و خێرا یاسای زمانەکانی پەسەندکراو لەپەرلەمانی عێراق و کوردستاندا، لەبەر زۆر هۆی خودیی و بابەتی لەوانە بۆ نموونە: زۆربوونی ئاوارەو پەنابەران لەهەرێمی کورستانداو، بوونی هەزاران کۆمپانیای بیانیی لەهەرێمی کوردستاندا کە زۆربەی ستاف و کرێکارەکانیان بیانیین و، بوونی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی ئەهلی و کردنەوەی قوتابخانەو کۆلێژو زانکۆی بیانیی وەك تورکیی و ئەمریکی و ئەڵمانیی و فەرەنسی و ئەوانی دی، ئەمە وێڕای شۆڕشی گەیاندن و راگەیاندن و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایل و دەرهاویشتەکانیان کە کاریگەریی زۆریان هەیە لەسەر پاشەکشەکردن بەزمانی نەتەوەییمان.

دەیەم: لەسەر وەزارەتی پەروەردە پێویستە پرۆسەی خوێندن باشتر بکات لە جۆردا، بەکەمکردنەوە لەبڕدا، چونکە ئەم مەنهەجە زۆرو قورسەی ئێستا، قوتابی وەدەردەنێت بۆ خوێندن لەو قوتابخانە عەرەبیی و ئەهلیی و بیانییانەدا کەبایەخی یەکەمیان بەزمانی کوردیی نییە.

یازدەیەم: بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش، پێویستە بەهەموو توانامانەوە کار بۆ زیندوو راگرتنی زمانی کوردی بکەین، چونکە زمان کۆڵەکەی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییەو، پرۆسەی پەروەردەو فێربوونیش میکانیزمی زیندوو راگرتنی زمانە.

دوازدەیەم: کەیەکێك لەو نیشانەو بەڵگانەی کە خوای گەورە کردوویەتی بە(ئایەت)و سەلمێنەری دەسەڵاتی بێپایانی خۆی، زمانی ئاخاوتن و لەیەك گەیشتنی مرۆڤەکان بێت، کەواتە پێویستە لەرووی ئاینییەوە بەردەوام کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لەو راستییە ئاگادار بکەینەوە کە ئەوان دژ بەئیرادەی خودا دەوەستنەوە کاتێك لە وڵاتەکانیاندا رێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی نادەن لەدام ودەزگاو خوێندنگاو دامەزراوە فەرمییەکاندا.

**مایکل جۆنستۆن** تایبەتمەند و پسپۆڕ لەسەر پارتی سیاسی بۆ گوڵان:

# تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە وەک شکاندنی هێلکە ئاسانە، بەڵام گێڕانەوەی سەقامگیری کارێکی ئاسان نییە



**پرۆفیسۆر مایکل جۆنستۆن ئوستادی زانستی سیاسەت و سەرۆکی بەشی سیسۆلۆژیا لە زانکۆی کولگەیت (Colgate) و خاوەنی کتێبی (پارتە سیاسییەکان و دیموکراتی لە رووی تیۆری و پراکتیکەوە)، هەروەها راوێژکاری کۆمەڵێك رێکخراوی نێودەوڵەتی ناحکوومی بووە، وەك: بانکی جیهانی، دامەزراوەی ئاسیا، لیژنەی دەستپاکی حکوومی لە ویلایەتی نیویۆرك. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی پارتی سیاسی لە بونیادی دیموکراتی و ئەو مەترسییانەی پارتە نادیموکراتییەکان لەسەر پرۆسەی سیاسی دروستی دەکەن، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئاشکرایە پارتە سیاسییەکان چەند گرنگن بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی، بەڵام سەرەڕای ئەو گرنگییەش زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە پارتە سیاسییەکان ناتوانن دیموکراسیەتی مۆدێرن بپارێزن، چۆن دەتواندرێت ئەم دژیەکییە ئیدارە بکرێت و چۆن دەتواندرێت دیموکراسی بپارێزرێت؟**

- یەکێك لە پرسیارە گرنگەکان ئەوەیە ئایا پارتە سیاسییەکان چۆن رێکدەخرێن و ئایا گوزارشت لە بەشێکی راستەقینەی کۆمەڵگە دەکەن؟ بۆ نموونە جووتیاران و ئافرەتان و بەرژەوەندییەکانی دیکە لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر تێڕوانینەکە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو سەرەوەڕا بوو لە ئاست پارتەکە بۆ ئەوەی لە حکومەتدا بێت، ئەوا پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگ دەبن بۆ دیموکراسی، بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسی ئامرازێکی شەخسی بوو، یان تەنها بەرژەوەندی دەستەبژێرێکی لەبەر چاو گرت، ئەوا دەبێتە ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردن و بەشدار نابن لە هێنانەئارای دیموکراسییەکی کارا.

*** ئەو تەحەددییەی رووبەڕووی دیموکراسی دەبێتەوە لە سەدەی بیست و یەکدا دوورتر لە سنووری ئایدیۆلۆژییەکان دەڕۆن، واتە پارتە سیاسییەکان هەر ئایدیۆلۆژیایەکیان هەبێت، ئەوا رووبەڕووی هەمان تەحەددی دەبنەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر پارتە سیاسییەکان لە ئاست تەحەددییەکاندا نەبن، ئەوا گرنگیی پارتە سیاسییەکان بۆ دیموکراسی چی دەبێت؟**

- یەکێك لە کێشە راستەقینەکان کە ئێوە بە باشی و بە شێوەیەکی پەنهانی ئاماژەتان پێکرد، ئەوەیە زۆر فاکتەری دیکە هەن کە رەفتارەکانی حکومەت دادەڕێژن کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی پارتەکانن. من بیر لەو رێگایە دەکەمەوە کە هەر حکومەتێك دەیگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بازاڕی دارایی جیهانی

و بازاڕی کاڵای جیهانی، ئەمەش سنووربەندی دەخاتەسەر کارەکانی حکومەت بە چاوپۆشین لەوەی ئایدیۆلۆژیای حکومەت چییە، یاخود ئایدیۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان چین. ئەوەی ڕوودەدات یەکێکە لەو شتانە، چونکە پارتە سیاسییەکان دەتوانن کارا بن لە گرتنەبەری سیاسەتێکدا، یان بە هۆی ورووژاندنی ئابڕووچونێکەوە، یان بانگەشەی بوونی گەندەڵی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی، یان پەنابردن بۆ ناسیۆنالیزم، یان دڵسۆزییەکانی نێو کۆمەڵگە، ئیتر ئایینی بێت، یان ئیتنی.

*** نیگەرانییەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە پۆپۆلیزمەوە، ئێمە دەزانین بە هۆی قەیرانەکانەوە کە ڕووبەڕووی پارتە سیاسییەکان دەبێتەوە، ئەوا زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم، ئایا تا چ ڕاددەیەك پۆپۆلیزم مەترسییە لەسەر دیموکراسی و ئایا تا چەند بوونی پارتە سیاسییە بەهێزەکان دەبێتە هۆی سنوورداربوونی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە کۆمەڵگەدا؟**

- مشت و مڕێکی ڕاستەقینە لە باری پۆپۆلیزمەوە دەکرێت و هەندێ کەس ڕەشبینن لە ئاست کاریگەری پۆپۆلیزم لەسەر دیموکراسی، بەڵام ئەوەی پارتێکی سیاسی بەهێزی بنکە فراوان دەتوانێت بیکات، ئەوەیە تێڕوانین و بۆچوونێکی جیاوازی زۆر و بەرژەوەندیی جیاواز بهێنێتە ناو پرۆسەکەوە، بەڵام کاتێك پارتەکان بە باشی ڕێکنەخراون و بنکەفراوان نین، ئەوا لە زۆر حاڵەتەدا پۆپۆلیزم بەرەو نادیموکراسی بوون دەچێت.

*** کێشەیەکی دیموکراسی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی بریتییە لە نەبوونی پارتی سیاسیی بەهێز کە لە وڵاتانی دوای کۆمۆنیزم و وڵاتانی جیهانی سێدا دەبیندرێت، کە پارتە سیاسییەکان تێیاندا لاوازن. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا؟**

- پێموایە زۆر زیان بەخشە، تا ڕاددەیەك لاوازییەکە زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت، تا ڕاددەیەکیش لاوازیی پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی کێشەی قووڵترە. یەکێك لەو مەسەلانەی بنیادنەرانی دیموکراسی بە هەڵە لێی تێگەیشتوون بریتییە لە ململانێی سیاسی کە پێیانوابوو پارتە سیاسییەکان خۆیان لە خۆیاندا دیموکراسین، بەڵام کاتێك ئەمە حاڵەتەکە نەبوو و پارتە سیاسییەکان کارا نەبوون، ئەوا ئەوەی زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەکرا، بریتی بوو لە ململانێی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا لەسەر پرسی دەسەڵات و پۆستی سیاسی، نەك هەوڵبدەن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکەن، هەر بۆیە ئەگەر پارتەکان لە نێو خۆیاندا گفتوگۆ لەبارەی سیاسەتەکانە بکەن، بۆ ئەوەی باشتر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بکەن، ئەو کاتە دیموکراسی لە ئەنجامی ئەوەوە دروست دەبێت. زۆرێك لە توێژەران وەك دامەزراوەیەکی گشتی لە پارتە سیاسییەکان دەڕوانن کە دەبێت خزمەت بە دیموکراسی بکەن و گوزارشت لە خەڵك و پێداویستییەکانیان بکەن.

*** ئەرکی تەقلیدیی پارتە سیاسییەکان بریتییە لە بەرزکردنەوەی داواکاری خەڵك و ئامادەکردنی بەرنامە و نوێنەرایەتیکردنیان بۆ ئەوەی خەڵك دەنگ بە بەرنامەکەیان بدات، بەڵام لە ڕۆژگاری ئێستادا بەهۆی بوونی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە، خەڵکی خۆیان داواکارییەکانیان ڕێکدەخەن، کە پێویستە حکومەت بە دەم داواکارییەکانەوە بچێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە چیتر خەڵکی ملکەچ نین، ئایا تا چ ڕاددەیەك تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی سنووردارکردنی ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان؟**

- ئەمە پرسیارێکی جێی سەرنجە، لە هەندێ شوێندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایان کردووە هاووڵاتیەکی سیاسی کارا دروست بێت، لە هەندێ حاڵەتیش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ڕژێمەکەوە بەکارهێندران بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست، پێموایە ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بیکەن، بریتییە لە دروستکردنی پێوەندییەك لە نێو خەڵکدا کە لە کۆتاییدا پارتە سیاسییەکان بتوانن بیکەنە بناغە.

*** بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئێستا خەڵکی دەستڕۆیشتووترن لە ڕووی هێنانەئارای گۆڕانکاری و دروستکردنی ناسەقامگیری. هەروەها دروستکردنی ناسەقامگیری کارێکی ئاسانە و گەڕاندنەوەی سەقامگیری تەحەددیەکی قورسە، ئێستاش بە ڕوونی ئەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبیندرێت، کە خەڵکی گۆڕانکارییان دەوێت و شۆڕش دەکەن و ناسەقامگیری دروست دەکەن، کە دواتر گەڕاندنەوەی سەقامگیری زۆر زەحمەت دەبێت، ئایا ئێوە چۆن ئەم پرسە لێکدەدەنەوە؟**

- پێموایە ئەوە ڕاستە و میسر نمونەیەکە لەم ڕووەوە، کە بووە هۆی ناسەقامگیرکردنی ڕژێمەکەی موبارەك، بەڵام کاتێك ڕژێمەکە ڕووخا، ئەوا پێکەوەنانەوەی شتێك کە بتوانێت حوکمڕانی بکات، کە نەك تەنها بتوانێت سەقامگیری، بەڵکو سەقامگیری دیموکراسی بەرهەم بهێنێت، بووە تەحەددییە ڕاستەقینەکە، ئەگەرچی پێدەچێت سەقامگیرییەك هەبێت، بەڵام دیموکراسیتر نییەی لەوەی ڕابردوو. حاڵەتی تونس زیاتر مایەی ئومێدە، ئەمە وەك شکاندنی هێلکە وایە کە بە ئاسانی دەشکێت، بەڵام ئاسان نییە بیخەیتە ناو توێکڵەکەیەوە.

**ئەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بیکەن، بریتییە لە دروستکردنی پێوەندییەک لە نێو خەڵکدا کە لە کۆتاییدا پارتە سیاسییەکان بتوانن بیکەنە بناغە**

**کاتێک پارتەکان بە باشی ڕێکنەخراون و بنکەفراوان نین، ئەوا لە زۆر حاڵەتەدا پۆپۆلیزم بەرەو نادیموکراسی بوون دەچێت**

**کاتێک پارتە سیاسییەکان کارا نەبن، ئەوا ململانێی پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا لەسەر پرسی دەسەڵات و پۆستی سیاسی دەبێت، نەک هەوڵبدەن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵک بکەن**